ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# عەفرین:
# دەروازەی جیۆسیاسی



2 0 1 8

# عەفرین:
# دەروازەی جیۆسیاسی

مامەند رۆژە

2018

ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

# عەفرین:
# دەروازەی جیۆسیاسی

| مامەند رۆژە

**بەرایی**

تورکیا پرسی داگیرکردنی عەفرینی کردووەتە دۆزی نیشتمانی خۆی و هەموو تواناکانی بۆ تەرفروتوناکردنی هێزە کوردییەکان خستووەتەگەڕ. رۆژبەرۆژ گوتاری نەژادپەرستی بڵێسەدەسێنێت. لە یەکەم رۆژی جەنگی عەفریندا پەیامنێری ئا تی ڤی تورکی مایکی لەبەردەم سەربازی پشت تانکێک راگرت و لێی پرسی: بۆ کوێ دەچن؟ سەربازەکە سەلامێکی سپایی کرد و گوتی: بەرەو سێوی سوور. لەو رۆژەوە سێوی سوور بووەتە وێردی میدیاکانی تورکیا و نابڕێتەوە. ئێستا تورکەکان مەسەلەی عەفرینیان کردووەتە مەسەلەی سێوی سوور. سێوی سوور چییە؟

پرسی سێوی سوور پرسی نەژادی تورکەکانە کە لە ئەفسانە تورکیەکاندا بە دوائامانجی ئەوان بۆ داگیرکاری دەناسرێت. لە کۆندا کاتێک لەشکرێکی تورک مەیلی داگیرکردنی شوێنێکی هەبوایە یاخود رووی هێرشی لە ناوچەیەک وەربسووڕاندایە،

کاتێـک دەیانپرسـی سـەرباز بـۆ کـوێ؟ لـە وەڵامـدا دەیگـوت : بـەرەو سـێوی سـوور! سـێوی سـووریش بـەو دواهـەم خـاک دەگوتـرێ کـە سـەربازی تـورک خـۆی پێدەگەیەنێـت. سـەیرەکەی ئەوەیـە کـە ئەمـڕۆ لـە داگیرکردنـی عەفرینـدا سـەرلەنوێ پرسـی سـێوی سـوور بووەتـە ریوایەتـی تورکـەکان و بـە کەڕەنـای نەژادپەرسـتی بـە رۆژی رۆشـنا هاواردەکـەن: عەفریـن سـێوی سـوورە!

لەمـلاش عەفریـن بووەتـە قیبلـەگای نەتەوەگەرایـی کـوردی و سـەرلەبەری کۆمەڵگـەی کـورد لـە دەوری کۆبوونەتـەوە. لـە راسـتیدا عەفریـن لەلایـەک سـێوی سـووری نەژادپەرسـتی و لەلایەکیـش قیبلـەگای نیشـتمانپەروەرییەکی رزگارخـوازە کـە بەیەکدا هەڵشـاخاون. تورکیـا عەفرینـی بۆ خـۆی کردووەتـە هێمای رەواندنەوەی هەڕەشـەی نەیـاری و جوداخـوازی و بەمـەش دەیـەوێ لـە سیاسـەتی ناوخۆییـدا وەبەرهێنانـی لەسـەر بـکات. کۆمەڵگـەی کوردیـش جاریکـی تـر هەسـت بـە سـتەمدیدەیی و بێکەسـی دەکات کـە بەرچـاوی جیهانـەوە پەلاماردەدرێـت.

پرسـیاری ئـەم پەڕەیـە ئەمەیـە: گەلـۆ بۆچـی تورکـەکان پەلامـاری عەفریـن دەدەن؟ چـی لـە عەفرینـدا هەیـە کـە نیگەرانیـان دەکات؟ ئایـا چـی جیاوازییەکـی عەفرین بووەتـە هـۆی ئـەم هەمـوو هێرشـە؟ گریمانـەی ئـەم پەڕەیـەش ئەمەیـە: هەمـوو هۆکارەکانـی داپڵۆسـینی عەفریـن لـە پێگـە جیۆسیاسـییەکەیدا خەوتـووە. پێگـەی جیۆسیاسـی عەفریـن ئەوەنـدە گرنگـە کـە بڕسـتی ئـەوەی هەیـە چارەنووسـی هەڵپێـکاوی کوردسـتان بکاتـەوە. لـە چییـەوە ئەمـە دەزانیـن؟ لـە خوێندنـەوەی پێگـەی عەفریـن بەپێـی رێبـازی زانسـتی جیۆسیاسـەت. لێـرەدا ئـەم پێگەیـە بەپێـی هەمـوو قوتابخانەکانـی زانسـتی جیۆسیاسـەت دەپێویـن و دواجـار لـە کۆبەندەکـەدا بـە ئەنجامـە خواسـتراوەکەمان دەگەیـن.

## عەفرین: سێوی سوور - دەروازەی جیۆسیاسی

عەفریـن لـە قەزایـەک، حـەوت ناحیـە و 365 گونـد پێکـدێ کـە بەقسـەیەک 500 هـەزار نێشـتەجێی سـەرەکی و بـە ئاوارەکانیشـەوە

800 هـەزار دانیشـتوانی هەیـە. عەفریـن وەکـوو کلکەیەکـی جیۆسیاسـی بەنـاو خاکـی تورکیـادا داچـووە و هاوسـنووری ویلایەتـی کلـس و هاتایـە. عەفریـن قوربانـی پێگـە جیۆسیاسـییەکەیەتی. ئـەم پێگـە جیۆسیاسـییە لەتوێـی دوو پـرۆژەی پێچەوانـەدا بەنـاو یەکـدا رۆچـووە.

یەکەمیـان پـرۆژەی کوردییـە کـە لەمێـژە عەفرینـی وەکـوو پێگـەی جیۆفەرهەنگـی خـۆی قۆسـتووەتەوە و بەدرێژایـی دەیـان سـاڵ وەکـوو سـەرچاوەی مرۆیـی، دارایـی و ورە بـۆ شۆڕشـەکانی باشـوور و باکـوور رۆڵـی لەیسـتووە. عەفریـن کـە پێگەیەکـی جیۆئابـووری گرنـگ بـۆ کوردسـتان پێکدەهێنـێ، بـە بەرهەمـی وەکـوو زەیتـوون، رۆن زەیتوون، ئـارد و شـەکری خـۆی وەکـوو کەنـدووی شۆڕشـەکانی کوردسـتان رۆڵـی گێـڕاوە. هەروەهـا بەمدواییانـەش وەکـوو پردێکـی جیۆسـتراتیژی بـۆ گواسـتنەوەی هێـزی چەکـداری بـۆ چیاکانـی ئامانـۆس و بـۆ باکـووری کوردسـتان قۆسـتراوەتەوە.

لـە دواهـەم وێسـتگەدا کارکـردە جیۆسیاسـییەکانی عەفریـن بـە زەقـی خـۆی دەنوێنێـت: عەفریـن لەشـێوەی کارگێڕییەکـی خۆسـەر و ئۆتۆنۆمـدا خـۆی رێکدەخاتـەوە. لـەوە واوەتریـش عەفریـن دەچێتـە پـاڵ پرۆژەیەکـی قەبەتـرەوە کـە ئەویـش فیدراڵیەتـی باکـووری سـوریایە. بەمـە رۆژئـاوای کوردسـتان لـەرووی جوگرافـی و مرۆییـەوە کامڵدەبێـت. بەمجـۆرە لەنـاو سـێ سـتوونە سـەرەکییەکەی فیدراڵـی باکـووری سـوریادا دەبێتـە کۆڵەکـەی سـێیەم. فیدراڵـی باکـووری سـوریا لـە سـێ سـتوونی سـەرەکی پێکدێ کـە بریتیـن لـە: ناوچـەی جزیـرە، ناوچـەی فـرات و ناوچـەی عەفریـن.

هـەردوو ناوچـەی جزیـرە و فـرات (کۆبانـی) لە پرۆسـەیەکی سـەربازی بەردەوامـدا تێکهەڵکێـشراون. بـەڵام پـرۆژەی پێکـەوە بەسـتنەوەی ئـەم دوو ناوچەیـە لەگـەڵ عەفریـن درەنـگ کـەوت. کـوردەکان ویسـتیان ئابلۆقـەی سـتراتیژی سـەر عەفریـن بشـکێنن. بـۆ ئەمـە هێرشـەکانیان بـۆ سـەر تەلرەفعـەت و جەرابلـوس لـەدوو رووکاری پێچەوانـەوە دەسـپێکرد. دەوڵەتـی تـورک هەسـتی بـە مەترسـی کـرد و دەسـبەجێ لەرێـی چەندیـن گروپـی سـەلەفی - جیهـادی جۆربەجـۆرەوە

ئۆپەراسیۆنی پێچەوانەی بۆ سەر سێگۆشەی جەرابلۆس – عەزاز – باب دەسپێکرد. بەمجۆرە تورکەکان ئەو شریتەیان لە ناوکەوە بڕییەوە کەوا شەڕڤانان دەیانویست لە ناوچەی شەهبا لە تەلرەفعەتەوە بە منبجیەوە ببەستن.
ئێستا باشە بزانین پرۆژەی تورکیا سەبارەت بەم ناوچەیە چییە؟ تورکیا کاتێک لەرێی ئۆپەراسیۆنی مەرتاڵی فراتەوە پوازێکی جیۆسیاسی بۆ ناوچەکانی ئەمبەری فرات دروستکرد، تەگەرەی خستە پرۆژەی کوردییەوە. هاوکات ئامادەکاری بۆ ئۆپەراسیۆنی عەفرینیش کرد و بەردەوام ئەمەی رادەگەیاند لە نیوەشەوێکدا لەپڕ پەلاماریدەدەن. سەرەنجام ئەم ئۆپەراسیۆنەیان ئەنجامدا. ئامانجی تورکان چییە؟ تورکەکان لەبەر ئەم چەند هۆکارە لەدژی رۆژئاوای کوردستان دەوەستنەوە:

**یەکەم** - تورکان پێیانوایە پیلانێک بۆ پارچەکردنی سوریا هەیە و سیناریۆی عێراق لەوێ دوبارەدەکرێتەوە. ئەوان دەلێن هاوپەیمانان دەیانەوێ سوریا بگۆڕن و ئەمریکا و رووسیا دەیانەوێ بەشێوەی دووقۆڵی ئەمە ئەنجامبدەن و پرۆژەی سایکس - پیکۆ دوبارەبکەنەوە کە سەدەیەک پێش فەرەنسا و بریتانیا بەدووقۆڵی نەخشەی ناوچەکەیان بە راستە دارشتەوە. بۆیە دەیانەوێ بە دەسپێشکەرییەکی جڵەوکاری تورکی ئەمە لەباربەرن. لەبەر ئەمە دەڵێن عەفرین وەکوو کلکەیەکی هەڕەشەساز بەناو سنوورەکانی تورکیادا رۆچووە.

**دووەم** - نیگەرانن کەوا سنوورەکانی باشووری وڵاتەکەیان بە نەیاری ستراتیژییان (کەجەکە) گەمارۆدەدرێ و بەرە – بەرە دەتەنرێتەوە. تورکەکان پێیانوایە ئەم پرۆژەیە تەنها بۆ عێراق و سوریا نییە و درەنگ یان زوو تورکیا و ئێرانیش دەگرێتەوە. ئەم پرۆژەیە بە پرۆژەیەکی خۆرئاوایی بۆ بنیانتانی کوردستانی مەزن بەناودەکەن کە چوار ستوونی هەیە: ستوونێکی لە عێراقە، ستوونێکی لە سوریایە، ستوونێکی لە ئێران و ستوونێکیشی لە تورکیایە. دوو

ستوونی تەواوبووە و تەنها دوو ستوونی ماوە.

**سێیەم-** ئەمیان تارادەیەک تیۆری پیلانگێرییە گوایە: بە پشتیوانی ئەمریکا بۆ پارستنی ئاسایشی ستراتیژی ئیسرائیل، پرۆژەیەک بۆ بنیاتنانی ڕارەوێکی کوردی هەیە کە سەرەنجام خۆی لە جاڕدانی دەولەتێکی کوردیدا دەبینێتەوە. ئەم ڕارەوە بەسەر پارێزگای هاتای تورکیادا بە دەریای سپی ناوەڕاست دەگات، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە لە ئایندەیەکی نزیکدا هاتای ببێتە مەڵبەندی تەنگژەی گەورە بۆ تورکیا.

لەبەر ئەمە بە ئۆپەراسیۆنی مەرتاڵی فرات لە سێگۆشەی جەرابلۆس – عەزاز – باب قەڵغانێکی بۆ ئەم پرۆژەیە دروسکرد. ئێستاش ئۆپەراسیۆنی چڵە زەیتوونی دەسپێکردووە کە بەردەوامبووی ئۆپەراسیۆنی مەرتاڵی فراتە. بەمە دەیەوێ عەفرین پاکبکاتەوە و هێزە عەرەبی – تورکمانییەکانی تێدا جێگیربکات. هاوکات هێزێکی سوپای تورکی لە باشووری عەفرین لە پارێزگای ئیدلب بەناوی چاودێرییەوە جێگیرکردووە کە ڕاستییەکەی بۆ تەوقدانی عەفرینە. ئێستا هەرەشەکان لە سێوی سوورەوە بۆ شەقە زللای ئۆسمانی هەمووی هەڕەشە لەسەر کوردن. بەراستی ئۆپەراسیۆنەکانی مەرتاڵی فرات و چڵە زەیتون ئەمڕۆ بۆ پرسی کورد بووەتەوە پرسی مانونەمان. واتە پرسی مانەوەیە. بۆیە هەموو تاکێکی کوردستانی ئەمڕۆ لە عەفریندا پرسی مانەوە دەخوێنێتەوە کە ئایا: قەوارە کوردستانییەکانی باشوور و خۆرئاوای کوردستان لەم هەڵمەتە داگیرکارییەدا دەمێننەوە یان لەباردەچن؟

ئەمە پرسێکی یەکلاکەرەوەیە کە وەڵامەکەی لەتوێی زانستی جیۆسیاسەتدا دەدۆزرێتەوە. بۆ ئەمەش هەوڵدەدەین بەپشتبەستن بە ڕێساکانی زانستی جیۆسیاسەت لە وەڵامی پرسیاری کوردستانییان بۆ ئەم پرسە بگەڕێین: داخۆ هۆکاری هێرشی داگیرکاری بۆ سەر عەفرین چییە؟ یەکەم کلیل پێماندەڵێ: هۆکارەکە لە پێگەی جیۆسیاسی عەفریندا خۆی مەڵاسداوە. بۆیە بۆ ناسینی ئەم پێگەیە ڕوودەکەینە قوتابخانەکانی جیۆسیاسەت، بزانین لەسەر ئەم پێگەیە چیمان پێدەڵێن؟

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو
Rudaw Research Center
مركز دراسات رووداو

## عەفرین: لە دیدی قوتانخانەکانی کلاسیکەوە

فریدریك راتزەل (1844 - 1904) زانایەکی ئەڵمانیە کە بە باوکی جیۆپۆلیتیکا دەناسرێت. ئەو یەکەم کەس بووە کە بێئەوەی ناوێکی لێبنێ زانستی جیۆپۆلیتیکای داهێناوە. لە کتێبی "جوگرافیای سیاسی"دا چەمکەکانی جیۆپۆلیتیکای خستۆتەرو. ئەو لە تیۆرییەکەیدا دەڵێ دەوڵەت وەك گیانەوەرێکی زیندوو وایە و پێویستی بە پێداویستی و کەشی ژیان هەیە. لەبەر ئەمە زاناکان تیۆرییەکەی ناوبراویان ناوناوە" دەوڵەتی بایۆلۆژی". ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە کاریگەری داروینی لەسەر بووە و تێزەکەی ئەوی لەبواری سیاسەتی جوگرافیاییدا سەبارەت بە دەوڵەت بەکارهێناوە، بۆیە بە "بایۆجوگرافیا"ش ناوی دەهێنن(Servet Comert, Jeop-olitik,2001,s6).

ناوبراو ئاماژە بەوە دەکا کە دەوڵەت وەك گیانەوەرێکی زیندوو پێویستی بەگەشەکردن هەیە و گەشەکردنیش پێویستی بە پێخۆرو فەزای حەیاتی هەیە. جا لەبەر ئەمە ناچارە بۆ مانەوەی خۆی، ئەم فەزایە دەستەبەربکات. هەروەها باس لەوە دەکا کە دەوڵەت لە خاكو خەڵك پێکدێو نابێ یەکیان نوقسان بێت. لەمەشەوە دەبێ بەچواردەوریدا پەل بهاوێ و لەناو چواردەورەکەیدا جێگەی خۆی بکاتەوە. جا ئەگەر هاتو جێگەی دەستنەکەوت، ئەوە پێویستە بەزەبری سەربازی جێگەکەی بەرفراوان بکات. واتە دەوڵەتیش وەکوو گیانەوەران وایەو دەبێ بەهێزەکان بێهێزەکان هەڵبلووشن. لەبەر ئەمە پێویستە دەوڵەت حوکمدارییە بچووکەکان قوتبدا و خۆی پێ بەهێزبکات(Yilmaz Tezkan, M.Murat Tasar, Dunden Bugune Jeopolitik,2002, 68).

راتزەل سێ فاکتەری بۆ رووداوە سیاسییەکان دەسنیشانکردوە کە

بریتین لە: شوێن (راوم)، پێگە (لاگ)و هەستی شوێن (راومسین).
ئەو پێیوایە شوێن، پێگە و هەستی شوێن بۆ بەهێزبوونی دەوڵەت و میللەت پێویستن و ئەو دەوڵەتانەی کە هەستی شوێن لای خەڵکانیان بەهێزە، بەخێرایی بە چواردەوردا پەلیانکوتاوە. هەڵبەت هەموو شوێنێك بۆ کشان و پەلکوتانی دەوڵەت دەسنادا، بەڵکوو هەندێك شوێن هەن کە بە "ناوچەی حەیاتی" دەژمێردرێن و تەنها ناوچەی حەیاتی زەمینەی گەورەبوونی دەوڵەت دەڕەخسێنێت (مامەند رۆژە، پێغەمی جیۆپۆلتیکا، 2012، 349).
پێگەی کوردستان بەگوێرەی تیۆریەکەی راتزەل یەکێك لەو شوێنانەیە کە بەناوچەی حەیاتی لەقەڵەمدەدرێن. کوردستان تەنگی پێ هەڵچنراوە، لەبەر ئەمە ناچارە بۆ دەستەبەرکردنی کەشی ژیانی، بەچواردەوری خۆیدا پەلبهاوێ و خۆی بەهێزبکات. لەلایەکیتریشەوە بەپێی ئەم تیۆریە کوردستان بەهۆی دۆخی پارچە - پارچەییەکەی، ئاستەمە بتوانێ خۆی بەهێزبکات. ئەمەش وایکردوە کە کوردستان ببێتە پێخۆر بۆ هاوسێ بەهێزەکانی. لێرەوە دەردەکەوێ کە یەکێک لە ناوچە حەیاتیەکان بۆ کوردستان عەفرینە. عەفرینە دەروازەی هەڵکشان و پەلکشانی کوردستانە کە کۆتایی بە پێگەی حەبیس و کلۆمکراوی کوردستان دەهێنێت.

***

دەریاسالار ئاڵفرید تایەر ماهان (1840 - 1914) خەڵکی ئەمریکایە کە ئەفسەری دەریایی، مێژوونوس و دوەم سەرۆکی "کۆلێجی جەنگ"ی هێزە دەریاییەکانی ئەمریکا بووە. ئەو لە کتێبی "کاریگەریی هێزی دەریایی لە مێژوودا"و "کاریگەری هێزی دەریایی لەسەر شۆڕشی فەرەنسا و ئیمپراتۆرییەکەی" بەچڕی بیروبۆچوونەکانی خۆی دەربڕیوە. لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە روانگەکانی ناوبراویش ئۆراسیاناوەند بووە، واتە ئۆراسیای بە تەوەری ململانێ جیۆسیاسییەکانی جیهان زانیوە. پێیوابووە نیوەگۆی باکوور کە لەرێگەی کەناڵی سویزو پەنەماوە پێکەوەدەبەسرێنەوە، شاکلیلی هێزی جیهانییە. لەم نیوەگۆیەشدا ئۆراسیا ناوجەرگەیە. ماهان بەشێوەیەکی رەها تیۆریەکەی بە هێزی دەریاییەوە

دەبەستێتەوە. لەدیدی ئەوەوە هێزی دەریایی پەیوەندی بە ئازادی بازرگانیەوە هەیە. کەشتیوانی جەنگیش تەنها رۆلی ئەوەیە کە ئاسایشی ئەم بازرگانییە دەستەبەربکات (سائول برنارد کوهن، ژئوپلیتیک نظام جهانی، 1387، 49-5).

ئەو پێی زیاتر رادەکێشێ و لەو بڕوایەدایە کە هێزی دەریایی خۆی بۆخۆی شارستانییە. واتە "شارستانی دەریایی" نمودی شارستانی هەرە لەپێشە و ئا بەمە سەروەری جیهانی بەدیدێت. ماهان باوەڕی بەوە هەبووە کە دەریاهێزی توانا بەسەر جیهاندا باڵادەستدەبێ نەك کیشوەرهێز. لەگەڵ ئەمەشدا پێیوابووە کە ئۆراسیا ناوکی یەکلاکردنەوەی کێشمەکێشە جیۆسیاسیەکانی جیهان پێکدەهێنێ نەك شوێنی تر. بۆ ئەمە پێشنیاریکردووە کە دەوڵەتمەدارانی ئەمریکا هێزێکی زەبەلاحی دەریایی پێکەوەبنێن و خاوەنداری لە میراتی دەریایی بریتانیا بکەن. نووسیویەتی ئەمریکا "چارەنووسێکی ئۆقیانوسی" هەیە و ئەمە چارەنووسی جاردراویەتی. ئەم ستراتیژییە سەرەتا لە کۆمەڵەی کیشوەری ئەمریکادا پیادەدەکرێ و پاشان ئەمە دەبێتە بەردی بناغەی هەژموونی جیهانی ئەم وڵاتە (الکسندر دوغین، اسس الجیوفولیتیکا، 2004، 94).

بەباوەڕی وی تەنها ئەو دەوڵەتە دەتوانێ هەژموونی بەسەر جیهاندا هەبێ کە خاوەن هێزێکی دەریایی تۆکمە بێت. ئەو گەلێکجار جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە تاقە توخمی هێز هێزێکی دەریایی تۆکمەیە، بەڵام ئەم هێزە دەبێ بۆ کێشمەکێشە جیۆسیاسییەکانی ئۆراسیا بگوێزرێتەوە، چونکە لەوێ هێزی کیشوەری خۆفناکی وەکوو رووسیا هەن کە دەشێ هەڕەشە لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا بکەن. لای ئەو دەوڵەت هۆکاری یەکلاکەرەوەیە و دەوڵەتی بەهێزیش ئەوەیە کە دەستی بەسەر دەریاکاندا دەڕوا و تەنانەت ئەو دەوڵەتانەشی کە ساحیلیان نییە، ئەوە ناچارن پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئەو دەوڵەتانە پێشبخەن کە سنوور و هێزی دەرییاییان هەیە. سەرەنجام ئەو دروشمەی بەرزکردەوە "ئەوەی دەریاکان دەستەمۆ بکا، جیهان دەستەمۆ

دەکات" (Alfred Tayer Mahan, Influence of Sea Pow-er,1890,150).

ماهـان بەهـۆی ئـەم بۆچوونانەیـەوە بـە باوکـی تیـۆری باڵادەسـتی دەریایـی ناوبانگـی دەرکـردووە. هەروەهـا بـەو قەناعەتـە گەیشـتووە کـە رۆژێـك دادێ رووسـیا نفـوزی ئەمریـکا لـە ئاسـیا قبوڵنـاکا و نایـەوێ هیـچ هێزێکـی تـر لـە ئۆراسـیا بخەپتـێ، لەبـەر ئەمـە داوادەکا ئەمریـکا و ئینگلتـەرە لەبەرانبـەر رووسـیا یەکبگـرن و بەرەنـگاری ببنـەوە. هەروەهـا پێشـبینی ئەوەشـی کـردووە کـە رۆژگارێـك دادێ کـە لەنێـوان هێـزە ئاسـیاییەکان و هێـزە خۆرئاواییەکانـدا کێشمەکێشـێکی جیهانگیـر روودەدات. بۆیـە داوادەکا خۆرئـاوا چاودێـری هێزەکانـی ئۆراسـیای کیشـوەری بەتایبـەت رووسـیا و چیـن بەپلـەی یەکـەم و ئەڵمانیـا بەپلـەی دووەم بکـەن.

ناوچـەی حەیاتـی کێشمەکێشـی ئـەم هێزانـەش لەنێـوان پانییـە جوگرافییەکانـی 30و 40دایـە و ئەمـەش ئـەو هێڵەیـە کـە هێـزی کیشـوەری رووسـیا و هێـزی دەریایـی بریتانیـا بەیەکـدا دەتەقێـن. بەپێـی ئەمـە، کوردسـتانیش یەکێك لە ناوچـە گرنگەکانی بەلاداخسـتنی کێشمەکێشـەکانی نێوان کیشـوەرهێز و دەریاهێزەکانـە واتـە ناوچـەی ململانێیـە (Geoffery Salon, Sir Halford J.Mackinder,17-29).

بەگوێـرەی ئـەم تیۆرییـە کوردسـتان لەبـەر ئـەوەی پێگەیەکـی کیشـوەری داخـراوی بێکەنـاری هەیـە، ئـەوە توخمەکانـی هێـزی لاوازن. هەروەهـا بـۆ ئـەوەی کوردسـتان ببـێ بـە هێـز، ئـەوە پێویسـتە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ هاوسـێیەکی سـاحیلی خۆیـدا پتەوبـك او لەرێگـەی ئـەم هاوسـێیەوە دالانێـك بکاتـەوە و خـۆی بـە دەریـاکان بگەیەنێـت. یاخـود بەهێـزی خـۆی دالانێـک بـەرەو دەریـا بکاتـەوە. ئەگـەر رارەوێکـی دەریـای باریکیـش کوردسـتان بـە دەریاکانـەوە ببەسـتێتەوە، دۆزی کـورد قەڵەمبازێـک بـۆ پێشـەوە دەدات. ئا لەبـەر ئەمـە عەفریـن دەروازەی ئـەم دالانـە دەرياييەيـە.

***

هاڵفـۆرد جـۆن ماکینـدەر (1861 – 1947) کـە بـە باوکـی تیۆریـی باڵادەسـتی کیشـوەری دەناسرێ، خەڵکـی ئینگلاندە و لـە ئۆکسـفۆرد

وانـەی جوگرافیـای گوتۆتـەوە. ئـەو بـۆ یەکەمجـار وشـەی ئۆراسـیای بەکارهێنـاوە. هەروەهـا خـاوەن وتاری"میحـوەری جوگرافیایـی مێـژوو"ە کـە بەتیـۆری "هارتلاند"یـش دەناسرێـت. ئـەو دواتـر کتێبـی "راسـتییەکان و ئایدیالـە دیموکراتییـەکان"ی نووسـیوە کـە بە سـەرتۆپی تیۆرییەکانـی دەزانـرێ و تێیـدا تیۆرییەکانـی پێشـووی کامڵـتر دەکات .(H. J.Mackinder, Democratic Ideals,1919,39)

ماکینـدەر پێیوایـە دوورگـەی زەوی لە سـێ کیشـوەری پێکەوەنووسـاوی ئاسـیا، ئەورووپـا و ئەفریقـا پێکـدێ و کیشـوەرەکانی ئەمریـکا و ئۆقیانووسـیەش دوورگـەی پچوکـی دەوری دوورگـەی جیهانیـن. هەروەهـا بـەو قەناعەتـە گەیشـتووە کـە بەدرێژایـی مێـژوو، ناوچەکانـی ناوەڕاسـتی ئۆراسـیا مەڵبەنـدی داکشـانی ئـەو هێزانـە بـوون کـە بەشـێوەیەك بەچـوارلای دنیـادا پەلیـان کوتـاوەو ڕەوتـی مێـژووی جیهانیـان گۆڕیـوە. ئـا لێـرەوە ئـەم ناوچانـەی بـە میحـوەری مێـژوو ناوزەدکـردووە و تیـۆری "میحـوەری جوگرافیایـی مێـژوو"ی بـۆ قۆسـتوونەتەوە.

ئـەو ناوجەرگـەی ئۆراسـیای بـە دڵـی جیهـان وەسـفکردووە کـە کاریگـەری لەسـەر یەکلابوونـەوەی ململانـێ سـتراتیژییەکانی دنیـا هەیـە. ئـەم دڵـی جیهانـەی ناونـاوە "هارتلانـد" یاخـود دڵسـتان کـە وا باشـترە بـە کوردییەکـەی پێـی بڵێـن "جەرگەسـتان". هەروەهـا پێیوایە کـە هێڵێـك هەیـە کـە دەوری ئـەم جەرگەسـتانەی گرتـووە کـە نـاوی "هیلالـی ناوەکـی" لێنـاوە. هیلالـی ناوەکـی ئـەو پشـتوێنە کەناریيـەی کیشـوەرەکانی ئاسـیا و ئەورووپـا دەگرێتـەوە کـە چـواردەوری ئۆراسـیای پێچاوەتـەوە. دوای ئەمـە "هیلالـی دەرەکـی" هەیـە کـە لـەدوورەوە دەوری ئۆراسـیایان داوەتـەوە و کیشـوەرەکانی ئەمریـکای باکـوور، باشـوور، ئەفریقـا و ئوقیانووسـیە دەگرێتـەوە.

بەقسـەی ماکینـدەر تەنهـا جەرگەسـتان مەڵبەنـدی شارسـتانی جیهـان پێکدەهێنێـت. هەروەهـا دەڵـێ بەپێشـکەوتنی تەکنۆلۆژیـای گواسـتنەوەی خێـرای وەکـوو شـەمەندەفەر، جەرگەسـتان واتـە هێـزی کیشـوەری بەسـەر جیهانـدا باڵادەسـتدەبێ و دەریاهێزەکە تێکدەشکێنێ و هێڵەکانـی کەنارسـتان داگیـردەکات. مەبەسـتی ئەوەیـە کـە هیـچ

هێزێـك ناتوانـێ دزەبكاتـە نـاوەوەی جەرگەسـتان. دواتـر دەركـەوت وانييـە و هێـز هەيـە بتوانـێ جەرگەسـتان پەكبخـات. لەمەشـەوە گوتوويەتـی: ئـەوەی ئەورووپـای خۆرهـەڵات زەوتبـكا، ئـەوە حوكمـی جەرگەسـتانی جيهـان دەكات. ئـەوەی حوكمـی جەرگەسـتان بـكا ئـەوە حوكمـی دوورگـەی جيهـان (دنيـای كـۆن) دەكات. ئـەوەی حوكمـی دوورگـەی جيهـان بـكا، توانـای هەيـە حوكمـی جيهانيـش بـكات.

ماكينـدەر لـەوە نيگـەران بـووە كـە بەپێشـكەوتنی تەكنۆلۆژيـای گواسـتنەوەی خێـرا، رووسـيا بتوانـێ بەتونـدی پەلامـاری بنكـە سـەربازييەكانی ئينگلتـەرە لـە ئۆراسـيا بـدا و دەريبپەڕێنێـت. لەبـەر ئەمـە پێشـنياری ئـەوەی كـردووە كـە دەرياهێـزەكان پێشـی بەهێزبوونـی رووسـيا و يەكگرتنـی رووسـيا و ئەڵمانيـا بگـرن و نەهێڵـن ئـەم هێزانـە لـەوە زياتـر پەلبهاوێـن. رێگەچـارەی ئەمـەش تەنهـا لـەوەوە دێ كـە دەرياهێـزەكان هێـزی كيشـوەری پێكەوەبنێـن و دەسـت بەسـەر جەرگەسـتان و ئۆراسـيادا بگـرن (Bilal,2005,48 Karabulut, Strateji).

ئەگـەر بەپێـی پۆلێنـكاری يەكەمـی ماكينـدەر بـۆ جەرگەسـتان بڕوانيـن، ئـەوە كوردسـتان ناگرێتـەوە و كوردسـتان بەگشـتی لەنـاو هێڵەكانـی هيلالـی ناوەكيدايـە. ئـەم هێڵانـەش ئەوەنـدەی بشـێ شـوێنی پێشـكەوتنی شارسـتانی و مێـژوو نيـن و پێشـكەوتنەكەی وابەسـتەی جەرگەسـتانە. ماكينـدەر لـە 1940دا بـە تێزەكەيـدا چۆتـەوە و پێيوابـووە كـە سـنوورەكانی جەرگەسـتان زياتـرە و توركيـا، ئێـران و دەوروپشتيشـی دەگرێتـەوە. بەپێـی ئـەم بۆچوونـەی ماكينـدەر ئـەوە جەرگەسـتان كوردسـتانيش دەگرێتـەوە. واتـە كوردسـتانيش يەكێـك لـەو شـوێنانەيە كـە بـە ناوچـەی شارسـتانی و ميحـوەری جوگرافيايـی مێـژوو لەقەڵەمدەدرێـن و بـۆ ئـەوە دەشـێ كـە هێـزی ناوكيشـوەری گـەورە بخاتـەوە. جـا لێـرەدا عەفريـن بـۆ كوردسـتان پێگـەی سـاحيلی دەسـتەبەردەكات.

***

كاڕڵ ئەرنـس هاوسـهۆفەر (1869 – 1946) سـەرهەنگ و پرۆفيسـۆری ئەڵمانـی، يەكێـك لـەو كەسـانەيە كـە بـە باوكـی جيۆپۆليتيكيـا

دەژمێردرێـن. هاوسـهۆفەر لـە کتێبـی "بلۆکـی کیشـوەری"دا تیـۆری "پەیمانـی کیشـوەری" داهێنـاوە و بەمـەش کاریگـەری قووڵـی لەسـەر قوتابخانـەی جیۆپۆلیتیـکای ئەڵمانـی هەبـووە. ئـەم پیـاوە کاریگـەری قووڵـی لەسـەر ئەدۆڵـف هیتلـەر و پارتـی نـازی هەبـووە و راوێژیـان پێکـردووە. ئـەو بـاوەڕی بـەوە هەبـووە کـە ئەڵمانیـا پێویسـتی بەوەیـە خـۆی بژیەنێتـەوە و بـۆ گەورەبوونـی فـەزای حەیاتـی بۆخـۆی دابینبـکات. دیـارە ئەمەیـش پوختەیـەك لـە تیـۆری دەوڵەتـی ئۆرگانـی راتزەلـە. هەروەهـا لـەو بڕوایەشـدا بـووە کـە سـەرەنجام دەبـێ هێـزە کیشـوەرییەکان بەسـەر جیهانـدا زاڵبـن کـە ئەڵمانیـاش یەکێکیانـە (Bilal Karabulut, Strateji,2005,48).

هاوسـهۆفەر پێیوابـووە کـە ئەڵمانیـا ناچـارە بـۆ رووبەڕووبوونـەوەی ئـەو هێـزە دەریاییانـەی کـە لـە جەنگـی یەکەمـی جیهانیـدا غەدریـان لێکـردوە، بـەرەو خۆرهـەڵات بکشـێ و خـۆی لـە هێـزە کیشـوەرییە گەورەکانـی وەکـوو رووسـیا، ژاپـۆن، چیـن و هیندسـتان نزیکبکاتـەوە. هەروەهـا وای پـێ بـاش بـووە کـە ئـەم یەکێتییـە لەشـێوەی یەکێتـی ئەڵمانیـا – رووسـیا، بلۆکـی رووسـیا – ئاسـیای باشـوور (هیندسـتان) و بلۆکـی ژاپـۆن – چینـدا بێتەکایـەوە. بـۆ ئەمـەش تیۆریـی "زلناوچـەکان"ی خسـتۆتەروو. ئـەو زلناوچانـەی کـە چارەنووسـی جیۆسیاسـی جیهـان یەکلادەکەنـەوە ئەمانـەن:

زلناوچـەی ئەمریـکا کـە ئەمریـکا بەسـەریدا زاڵـە، زلناوچـەی ئـەورۆ – ئەفریقـا کـە ئەڵمانیـا بەسـەریدا زاڵدەبـێ، زلناوچـەی ئۆراسـیا – ئاسیای باشـوور کـە زلناوچەی تایبـەت بە رووسـیایە لەگەڵ زلناوچەی ئاسـیا – پاسـیفیك کـە ناوچـەی باڵادەسـتی ژاپۆنـە. هەروەهـا داوای لـە ئەڵمانیـا، رووسـیا و ژاپـۆن کـرد پەیمانێکـی کیشـوەری مۆربکـەن بـۆ ئـەوەی سەرانسـەری زلناوچەی ئۆراسیا بگرێـتەوە و لەرێگەی ئەمەوە بەسـەر دوورگـەی جیهانـدا زاڵبـن. ئـەو دەڵـێ "مەحاڵـە ئۆراسـیا بخنکێنـدرێ، چونکـە دوو گەلـی مەزنـی ئەڵمانـی و رووسـی هـەن و ئـەم دوانـە هەوڵـدەدەن کـە پێکـەوە بەرەنـگاری دەریاهێـزەکان ببنـەوە" (Karl E.Haushofer, Geopolitik,1931,20-60).

پێگـەی کوردسـتان بەپێـی تیۆرییەکـەی هاوسـهۆفەر پێگەیەکـی

ناوکیشـوەرییە و دەکەوێتـە ئـەو بەشـەی ئاسـیاوە کـە بـۆ کامڵبوونـی پـرۆژەی بلۆکـی کیشـوەری رووسـیا تەرخانکـراوە. ئـەو ئامـاژە بـەوە دەکا کـە ناوچەکانـی ئاسـیای ناوەنـد، خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت، باشـووری ئاسـیا و نیوەکیشـوەری هینـد گۆڕەپانـی داکشـانی روسـیان. لەبـەر ئەمـە دەبـێ بلۆکـی کیشـوەری رووسـیا پشـتیوانی لـە خواسـتی رزگاری گەلانـی ئاسـیایی وەکـوو هینـدوس، عـەرەب، کـورد و ئەرمـەن بـکات. بلۆکـی کیشـوەری ئۆراسـیا دەبـێ چەترێکـی کۆنفیدراڵـی گـەلان پێکەوەبنێـت. لەپێنـاو ئـەم ئامانجـەدا پێویسـتە رووسـیا پشـتی ئـەو گەلانـە بگـرێ کـە داوای سـەربەخۆیی دەکـەن. بەتایبـەت دەبـێ روسـیا پشـتیوانی لـە کـورد و ئەرمـەن بـکا و سـەرچاوەکانی وزەی مووسـڵ بـۆ بلۆکـە کیشـوەرییەکەی بقۆزێتـەوە (Dr. Bulent Ulas, Jeopolitik,2011,52).

کاتێـك سـەیری ئـەم بۆچوونانـەی هاوسـەهۆفەر دەکەیـن، ئـەوە تێدەگەیـن کـە گەلانـی وەکـوو تـورك، عـەرەب، هینـدوس، کـورد و ئەرمـەن تەنها ئـەو مافەیـان هەیـە کـە بـۆ مانەوەیـان پـاڵ بـە بلۆکـی کیشـوەری ئۆراسـیاوە بـدەن. لەمـە بـەدەر هیـچ توانایەکـی تریـان نییـە. ئەمـە ئـەو واتایـە دەبەخشـێ کـە کوردسـتانیش یەکێـك لـەو فەزا حەیاتیانەیـە کـە بـۆ کامڵبوونـی بلۆکـی کیشـوەری ئۆراسـیا پێویسـتە. کەوابـوو کوردسـتان پێویسـتە لەپێناو دەسـتەبەرکردنی مانـەوەی خۆیدا هەرچـی زووتـرە لەگـەڵ رووسـیا رێکبکەوێـت. ئەگەرنـا ئـەوە هێـزە ئەنگلۆساکسـۆنییەکان داگیریدەکـەن و سـەرچاوەکانی دەقۆزنـەوە. واتـە سـەرزەمینێکی وەکـوو کوردسـتان تاقـە رۆڵێکـی هەیـە کـە ئەویـش ئەمەیـە ببێتـە "گۆڕەپانـی ژیـان" بـۆ بلۆکـە کیشـوەرییەکان. بۆیـە لێـرە سـەرلەنوێ گەمـە گەورەکـەی جیهـان لـە سـوریاوە دەسـتی پێکردووەتـەوە. عەفریـن بـە حسـاب ناوچـەی نفـوزی رووسـیای نـوێ بـوو، بـەڵام رووسـەکان بـۆ رازیکردنـی تورکـەکان و بـۆ سـزادانی کـوردەکان کـە گوایـە بوونەتـە هەڕەشـە بـۆ رژێمـی ئەسـەد، ئـەم ناوچەیەیـان بەشـێوەی کاتـی بـە تورکـەکان فرۆشـتووە. بۆیـە عەفریـن لـە حسـابە سـتراتیژییەکانی رووسیاشـدا جێـی مەترسـییە چونکـە کوردەکانـی لایەنگـری ئەمریـکا بـە دەریـا دەگەیەنێـت.

***

نیکـۆلاس جـۆن سـپایکمان (1893 – 1943) زانایەکـی بەرەچەڵـەك هۆڵەنـدی ئەمریکاییـە و خـاوەن تیـۆری ریملانـد یاخـود کەنارسـتانە. سـپایکمان بـە کاری ڕۆژنامەنووسـیەوە دەسـپێکردووە، پاشـان لـە زانکـۆی کالیفۆرنیـا بۆتـە مامۆسـتای پەیوەندییـە نێونەتەوەییـەکان. هەروەهـا یەکـەم سـەرۆکی ئەنسـتیتۆی توێژینـەوە نێونەتەوەییەکانـی زانکـۆی یایـڵ بـوە. ئـەو لـە کتێبَـی "سـتراتیژی ئەمریـکا لـە سیاسـەتی دنیـادا" بـاس لـە بەکارهێنانـی هێـز لـە پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان و تـەرازووی هێـزەکان دەکات. کتێبـی "جوگرافیـای ئاشـتی"ش یاداشـتەکانی خۆیەتـی کـە لـە کۆنفرانسـەکەی خـۆی لـە زانکـۆی یایڵـدا کەڵکـی لێوەرگرتـون.

ناوبـراو بۆچوونـە جیۆسیاسـیەکانی لەپەراوێـزی تیـۆری "هارتلانـد"ی ماکنیـدەردا بەنـاو تێـزی "ریملانـد" یاخـود بەکوردییەکـەی کەنارسـتان ڕاگەیانـدووە. تیـۆری کەنارسـتان بەواتایـەك پەرچەبۆچوونـی تیـۆری "جەرگەسـتان"ی ماکینـدەرە. ماکینـدەر پێیوابـوو کـە جەرگەسـتان مەڵبەنـدی شارسـتانی گەورەیـە، کەچـی سـپایکمان لـەدژی ئـەم بۆچوونـە دەوەسـتێتەوە و دەڵـێ نەخێـر جەرگەسـتان نییـە بەڵکـوو ئـەوە کەنارسـتانە کـە بـۆ گەشـەکردنی شارسـتانی گـەورە لەبـارە. بـەڕای سـپایکمان زۆربـەی هێـزە گەورەکانـی مێـژوو لەسـەر ئـەو شریتـە بنیاتـنراون کـە بـە شریتـی کەنارسـتان ناودەبرێـن. ئـەم شریتـە لەنێـوان ئۆقیانووسـەکان و هێڵـە کیشـوەرییەکاندا هەڵکەوتـووە و لـەڕووی سـامان و دانیشتوانیشـەوە دەوڵەمەنـدە (Nicholas J.Spyk-man, Geography1938, 29).

سـپایکمان دەڵـێ سـێ جـۆر دەوڵـەت هـەن: دەوڵەتـە دەرياییـەکان، دەوڵەتـە کیشـوەرییەکان و دەوڵەتـە کەناریيـەکان. کەناریيـەکان تایبەتمەنـدی هـەردوو جـۆری پێشـوویان هەیـە. سـەبارەت بـە دەوڵەتەکانیـش پێیوایـە دەبـێ سیاسـەتی ئەمنـی هاوبـەش بگرنەبـەر و بەمـە هاوسـەنگییەکانی هێـز بپارێـزن. ئەمـە بـۆ پاراسـتنی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی بەپێویسـت دەزانێـت. واتـە "هێـز" فاکتـەری

یەکلاکەرەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە نەك بەها ئاکارییەکان. نیزامی نێونەتەوەییش بۆ پاراستنی دەوڵەتان کافی نییە و پێویستە هەر دەوڵەتە و بەهێزی سەربازی تایبەت خۆی بپارێزێ، چونکە خاك پارچەیەکی جیانەبۆوە لە دەوڵەتە، لەبەر ئەمە سیاسەتی دەوڵەت لەپێناو سەربەخۆیی و یەکپارچەیی خاکدا دەبێت.

ئەگەر هاوسەنگی هێزەکان گشتگیر بێ، ئەوە هیچ دەوڵەتێك جەنگ ناباتەوە. ئەگەر هیچ دەوڵەتێك جەنگ نەباتەوە، ئەوە هیچیان جەنگ دەسپێناکەن. هاوسەنگی بەهێزی هاوتەرازکراوەوە بەدیدێت. هێزی هاوتەرازکراو هێزی مایەپووچکراوە. سیاسەتی هاوتەرازی راستەقینە لەرێگەی دەسکاریکردنەوەی سنوورەکان، بژاردنی قەرەبوو، هاوپەیمانی نوێ، بێلایەنی یاخود بەشداربوون لە جەنگدا دێتەکایەوە (Nicholas J.Spykman, Americas Strategy,1942, 34).

ناوبراو لەرووی نەخشە پانەکانەوە سەیری جیهانی نەکردووە، بەڵکوو لە جەمسەری باکوورەوە سەیری جیهانی کردووە و تێگەیشتووە کە نیوەگۆی باکوور واتە ئەمریکای باکوور و سەرانسەری ئۆراسیا بەسەر جیهاندا زاڵن. هەروەها نیوەگۆی باکوور لەرووی سامانی مرۆیی، ژێرزەوی و سەرزەوییەوە لە شوێنەکانیتری جیهان دەوڵەمەندترە.

سەبارەت بە ئەمریکاش لەو بروایەدا بووە کە ئەم دوورگە – کیشوەرە لەبەر ئەوەی هاوسێی لاوازی وەکوو مەکسیك و کەنەدای هەیە ئەوە ئاسایشی پارێزراوە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەدوو لاوە هەم لە خۆرهەڵاتەوە و هەم لە خۆرئاواوە بە ئۆراسیا گەمارۆدراوە، ئەوە هەمیشە نیگەرانی پاراستنی خۆیەتی. ئەگەر رۆژگارێك هێزێکی کیشوەری سەرانسەری ئۆراسیا جڵەوبکا، ئەوسا هەڕەشەی شێلگیر لەمانەوەی ئەمریکا دەکات. بۆیە پێشنیاری بە بڕیارسازانی ئەمریکا کردووە قەت نەهێڵن هێزە کیشوەرییەکانی ئۆراسیا بەتایبەت رووسیا و ئەڵمانیا یەکبگرن.

لەسەر تێزەکەی ماکیندەریش دەڵێ ئەوە تێزێکی هەڵەیە و هێز لە کەنارستانەوە بەرەو جەرگەستان دەکشێ نەك بەپێچەوانەوە.

ئـەو دەڵـێ ئەگـەر دروشـمێکی ڕاسـت بـۆ سیاسـەتی هێـزی دنیـا پێویسـت بـکا دەبـێ ئـاوا بنوسرێتەوە:"ئـەوەی کەنارسـتان بەدەسـتەوە بگـرێ ئـەوە بەسـەر ئۆراسـیادا زاڵدەبێـت. ئـەوەی بەسـەر ئۆراسـیادا زاڵبـــوو، ئـــەوە چارەنووســـی جیهـــان یەکلادەکاتـــەوە". لەبـــەر ئەمـــە پێشـنیاردەکا کـە ئەمریـکا لەرێگەی باڵادەسـتبوون بەسـەر کەنارسـتاندا بـەرە – بـەرە جەرگەسـتان جڵەوبـکات. ڕێـك دوای جەنگـی جیهانـی دووەم ئەمریـکا کەڵکـی لـەم سـتراتیژییە وەرگـرت و لـە چەنـد لاوە یەکێتـی سـۆڤێتی بـە پەیمانـە سـەربازی و سیاسـییەکانی وەکـوو ناتـۆ، سـەنتۆ و سـیاتۆ گەمـارۆدا. بۆیـە سـپایکمانیان بـە مامۆسـتای ناتـۆ و ئەتڵەســی ناوزەدکــردووە.

ئـەو ئۆقیانووسـی ئەتڵەسـی بـە ئۆقیانووسـی ناوەڕاسـت شـوبهاندووە کــە لــە هــەردوو لایــەوە هێزەکانــی شارســتانی خۆرئــاوا بوونیــان هەیـە و ئەمـەش وادەکا ئـەم ئۆقیانووسـە وەکـوو دەریـای ناوەڕاسـتی سـەدەکانی پێشـوی لیبـێ کـە بەدەریـای ناوەڕاسـتی ئەورووپـا زانـراوە و لەنێــوان ئەورووپــا، باکــووری ئەفریقــا و خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســتدا هەڵکەوتـووە. لەبـەر ئەمـە بیرۆکـەی "ئۆقیانووسـی ناوەڕاسـت" بۆتـە ئیلهامبەخشــی دامەزراندنــی پەیمانــی باکــووری ئەتڵەســیش.

کوردسـتان بەپێـی تیۆرییەکـەی سـپایکمان لەنـاو جەرگەی کەنارسـتاندا هەڵکەوتـووە. کەنارسـتانیش بـەڕای ئـەو سـەرچاوەی هێـزی مرۆیـی و شارســتانییە و گۆڕانگارییــە مێژووییــەکان لێــرەوە ســەرهەڵدەدەن نـەك لـە جەرگەسـتانەوە. کوردسـتان سـێبەندەی باکـووری خۆرهەڵاتـی ناوەڕاســتە، لەبــەر ئەمــە یــەك لــە ناوچــە گرنگەکانــی ململانێــی سـتراتیژی دەریایـی و سـتراتیژی کیشـوەری بـووە. بەپێـی ئـەم تیۆرییـە کوردســتان بەهــۆی ســامانی مرۆیــی و ســامانی سروشــتیەوە دەبێتــە یەکێـك لـە ناوەندەکانـی هێـزی ئاینـدە.

جا عەفریـن لەبـەر ئـەوەی پێگەکـەی پێگەیەکـی سـەربە کەنارسـتانە، ئـەوە لـەدوو لاوە لەژێـر پاڵەپەسـتۆی چەواشـەی سـتراتیژی کیشـوەری و سـتراتیژی دەریاییدایـە. لـە سـەدەی پێشـوودا نمونـەی ئـەم فشـارە پێچەوانەیـە بەئاشـکرایی دەرکەوتـووە. ئەمـڕۆ لـە عەفرین دیسـانەوە ئــەم دۆخــە دەبینیــن. بەهێــزی پێگــەی عەفریــن، دەیکاتــەوە بــە

شریتی فشار لەنێوان ستراتیژی کیشوەری و ستراتیژی دەریایی. واتە ناوچەی فشار لەنێوان ئۆراسیا و ئۆقیانووسە.

## عەفرین: لەدیدی قوتابخانەکانی هاوچەرخەوە

زبیگنیو بریژینسکی (1928-2017) خەڵکی ئەمریکایە و کوڕی دیپلۆماتێکی پۆلۆنیایە. سەرەتا لە 1977 بۆ 1981 راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی سەرۆکی ئەمریکا بووە. لە 1997 کتێبی "تەختەی گەورەی شەترەنج"ی نووسیوە و تێیدا ئەولەویەتەکانی ئەمریکا و پێویستییە ستراتیژییەکانی خستۆتەرو. لە کتێبەکانی تریشیدا ئاماژەی بە گرفتە ئایندەییەکانی بەردەم ویلایەتە یەکگرتووەکان کردووە. بۆ ئەوەی ئەمریکا نەیارەکانی ببەزێنێ و هەژموونی جیهانی خۆی بپارێزێ، کۆمەڵێك پێشنیاری پێشکەشکردوون.
ئەو پێیوایە کە ئەمریکا تاکە هێزە کە دەتوانێ ئۆقیانووسەکانی جیهان کۆنترۆڵ بکا، بۆیە ئێستاش سەرباری ئەوەی بەرهەڵستی بۆ پەیدابوون، بەڵام هێشتا یەکەم هێزە. هۆیەکەشی ئەوەیە: ئەمریکا هێشتا لەرووی سەربازییەوە هاوتای نییە، لەرووی ئابوورییەوە لەگەڵ ئەوەی چین، ئەڵمانیا و ژاپۆن تۆزێك سەرەتاتکێی لەگەڵ دەکەن، بەڵام هێشتا یەکەم ئابووری جیهانییە، لەرووی تەکنۆلۆژی و داهێنانی زانستیشەوە سەرقافڵەی جیهانە. لەرووی فەرهەنگیشەوە تائێستاش سەرمەشقی دنیایە. ئەمانە ئەمریکایان کردۆتە سۆپەرهێز(Zbigniew Brezezinski, Buyuk Sa-tranc Tahtasi,1998, 26).
بریژینسکی دەڵێ ئەوەی بیەوێ جیهان دەستەمۆبکا، پێویستە ئۆراسیا دەستەمۆبکات. ئۆراسیاکەی ئەو وەکوو پێناسەی ئەوانی تر نییە، بەڵکوو ئۆراسیایەکە کە سەرانسەری ئەورووپا و ئاسیا دەگرێتەوە و لە لیسبوونەوە تاکوو ڤلادیڤیستۆك دەگرێتەوە. ئەم ئۆراسیایەش چوار بەشە: خۆرئاوای ئۆراسیا یەکێتی ئەورووپایە،

خۆرهەڵاتـی چیـن و ماچینـە، باشـووری خۆرئـاوای خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتە و ناوەندیـش کـە رووسـیایە. بۆیـە دەڵـێ ئۆراسـیا مەکـۆی یەکلاییکردنـەوەی ململانـێ جیۆسیاسـییەکانە، چونکـە دولەسـێی سـامانە سروشـتییەکانی جیهانـی لێیـە، دوو هێـزی رکابـەری ئاینـدەی ئەمریکاشـی لێیـە.
هەروەهـا ئۆراسـیا 75% نفوسـی جیهانـی لێیـە، گەورەتریـن کوتلـەی وشـکانی جیهانـە، شـەش لە هێـزە ئابوورییەکانـی جیهانـی لەخۆگرتووە و لـەرووی سیاسیشـەوە لـە هەمـوو شـوێنێکی تـری جیهـان زیندووترە. بەقسـەی بریژینسـکی لەجیهانـدا چەنـد گەمەکەرێکی جیۆسـتراتیژی و چەنـد میحوەرێکـی جیۆسیاسـی هـەن. گەمەکـەرە جیۆسـتراتیژییەکان: ئەمریـکا، فەرەنسـا، ئەڵمانیـا، رووسـیا، چیـن و هێندسـتانن. میحـوەرە جیۆسیاسـیەکانیش: ئۆکراینـا، ئازەربایجـان، کۆریـای باشـوور، ئێـران و تورکیـان. ئەڵمانیـا و فەرەنسـا ناوەنـدی خۆرئـاوای ئۆراسـیان، چیـن ناوەنـدی خۆرهەڵاتـە، رووسـیا ناوکـی ناوەڕاسـتە و هیندسـتانیش ناوەنـدی باشـوورە.
کوردسـتان بەگوێـرەی تیـۆری تەختـەی گـەورەی شـەترەنجی بریژینسـکی یەکەیەکـی سیاسـییە کـە لەناوچـەی باشـووری خۆرئـاوای ئۆراسـیا هەڵکەوتـووە و بۆخـۆی بـە ناوچـەی دەوڵەمەنـدی خـواروی ناودەبـات. ئـەو دەڵـێ پێگـەی تورکیـا و ئێـران بـۆ ئەمریـکا گرنگـن و بـۆ هاوتەرازکردنـی هێزەکانـی ئۆراسـیا رۆڵـی سـەرەکیی سـتراتیژیان هەیـە. دیاریشـە کـە رووبەرێکـی بەرینـی خاکـی کوردسـتان لەنـاو سـنوورەکانی ئـەم دوو وڵاتەدایـە و هـەردوو وڵاتیـش هاوسـێ و هاوسـنووری کوردسـتانن. واتـە بەشـێوەیەك کوردسـتان شـەهێنی تـەرازووی ئـەم دوو میحـوەرە جیۆسیاسـیەیە.
ئـەو دەڵـێ پرسـی کـورد ئەوەنـدە گرنگـە کـە رۆڵـی میحوەرێکـی جیۆسیاسـی وەکـوو تورکیـا لاوازدەکات. ناوبـراو پێیوایـە کـە ئـەم پرسـە ئەوەنـدە کاریگـەرە کـە زوو یـان درەنـگ ئەنجامـە جیۆسیاسـیەکانی دەردەکەوێـت. هەروەهـا ئامـاژە بـەوە دەکا کـە کـوردەکان هێزێکـی گرنگـی ئاینـدەی باشـووری خۆرئـاوای ئۆراسـیان و یـەك لـەو پرسـە گرنگانـەی کـە رۆڵـی تورکیـا ئاسـتەنگ دەکا پرسـی کوردسـتانە. ژمارەی

کوردەکان وەك ناسنامەکەیان جێی مشتومڕە. تورکیا دەڵێ لە 10 ملیۆن زیاتر نین، کەچی نەتەوەپەروەرە کوردەکانیش دەڵێن 20 ملیۆنن و بەگشتی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست 35 ملیۆنن. ئەمانە ئاواتی ئەوە دەخوازن یەکبگرن و لە کوردستانێکی سەربەخۆدا بژین. پرسی کورد تورکیا دەخاتە ناو دوبەندییەکانی ناوچەکەوە (Zbigniew Brezezinski, Trecih, 2005, 86).

تورکیا و ئێران هەردووکیان میحوەری جیۆسیاسین، بەڵام ئەم دوو وڵاتە رکابەری یەکیشن. کاتێك تورکیا بایەخ بە ئازەربایجان دەدا، ئەمە ئێران دەتۆقێنێ و ئەمە بە پاڵنەرێك بۆ ئازەربایجانییەکانی ناو ئێران دەزانێت. لەبەر ئەمە ئێرانیش بایەخ بە ئەرمەنستان دەدا و لەم رێگەیەوە هاوسەنگی هێزی ناوچەیی دەپارێزێت. تورکیا مەیلی لای ئەمریکا و ناتۆیە و ئەمەش وا لە ئێران دەکا بەلای ئۆراسیادا بابداتەوە. کاتێکیش ئەمریکا بایەخ بە پرسی کورد دەدا و تۆزقاڵێک تورکیا پشتگوێدەخا، تورکیا بەلای رووسیادا دایدەشکێنێتەوە. ئێران و تورکیا هەردووکیان پرسی کوردیان هەیە، ئەم پرسە لە ئێران خەوتووە کەچی لە تورکیا زیندووە و ئەگەر ئەنکەرە چارەی نەکا، ئەوە کێشەی شێلگیری جیۆسیاسی بۆ دەنێتەوە.

لەگەڵ ئەمەش هێزی تورکیا و ئێرانیش بۆ هاوسەنگی قەفقاز گرنگن. لەم دۆخەی دواییدا تورکیا بۆ هاوتەرازکردنی هێزی ئەمریکا کە پشتیوانی لە کوردی سوریا دەکا، بەلای رووسیادا بایداوەتەوە. بۆیە رووسیا وەکوو زلهێزی کێشوەری ئۆراسیایی بۆ رازیکردنی تورکیا عەفرینی بە تورکەکان فرۆشتووە. ئەم گەمەیە جارێ دیارنییە تاکەی دەخایەنێت.

***

ساموێل پ.هانتینگتۆن (1927 – 2008) زانایەکی ئەمریکاییە کە راوێژکاری وەزیری بەرگری ئەمریکا و بەڕێوەبەری ئەنستیتۆی توێژینەوەکانی جۆن م.ئۆلینی سەربە زانکۆی هارڤارد بووە. کتێبی "پێکدادانی شارستانییەکان" تیۆری سەرەکی ناوبراوە کە لەسەر ئاستی جیهانی دەنگدانەوەی گرنگی هەبووە. پاش هەڵوەشانەوەی

سۆڤێت و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد، لای خۆیەوە هەوڵیداوە سەر لە ڕێسا تازەکانی نەزمی تازەی جیهان دەربکات.

ئەو لەساڵی 1993 لە گۆڤاری فۆرین ئافایرس وتاری "پێکدادانی شارستانییەکان"ی بڵاوکردەوە کە ئاڵۆزییەکی زۆری لە نێوەندە سیاسی و ئەکادیمییەکان نایەوە. دواتر لەبەر ئەو پێشوازییە زۆرەی کە لێیکرا، لە 1996 وتارەکەی لەتوێی کتێبێك بەهەمان ناو چاپکرد. ئەو دەڵێ لەمەودوا کێشمەکێشە جیۆسیاسیەکانی جیهان لەسەر جیاوازی ئایدیۆلۆژیا یاخود ئابووری نین، بەڵکو لەمەودوا کێشەکان هۆکاری فەرهەنگیان هەیە (Sammuel P.Huntington, "The Clash of Civilizations , 1993, 49).

لەتێزەکەیدا جیهان بەسەر هەشت شارستانی دابەشدەکات: شارستانی خۆرئاوایی کە ئەمریکا ناوەندیەتی، شارستانی سلاڤ - ئۆرتۆدۆکس کە رووسیا ناوەندیەتی، شارستانی سینیك (کۆنفۆشیۆس) کە چین ناوەندیەتی، شارستانی هیندوس کە هیندستان ناوەندیەتی، شارستانی ژاپۆنی کە ژاپۆن ناوەندیەتی کە تاك وڵات و تاك شارستانیشە، شارستانی ئیسلامی کە هێشتا وڵاتی ناوەندی نییە، شارستانی ئەمریکای لاتین کە برازیل رۆڵی ناوەندی تێدا دەگێڕێ لەگەڵ شارستانی ئەفریقایی کە ئەفریقای باشوور ناوەندیەتی. دواتریش شارستانی بودایی بەمانە زیادکرد کە دەڵێ میانمار ناوەندەکەیەتی.

ئەو دەڵێ لەمەولا چیتر پێکدادانەکان لەسەر سنووره ئەتنیی و ئایدیۆلۆژییەکان نابێ، بەڵکوو لەسەر سنوورەکانی جیاکردنەوەی شارستانییەکان روودەدات. بۆ نموونە دەڵێ شەڕی کەشیمر شەڕی نێوان ئیسلام و هیندوسە، شەڕی بۆسنیا، کرواتستان و سربستان شەڕی نێوان ئیسلام، کاتۆلیك و ئۆرتۆدۆکسە. نائارامییەکانی قەفقاز لە چیچیانیش شەڕی نێوان ئیسلام و ئۆرتۆدۆکسە. ئەو دەوڵەتەکان بەپێی بنیاتە فەرهەنگییەکان پۆلێندەکات: دەوڵەتی ناوك - ناوەند، دەوڵەتی ئۆرگانیك، دەوڵەتی تەریك و دەوڵەتی لێکترازاو (Sammuel P.Huntington, Medeniyetler Catisma-si,1997, 15-17).

بـۆ نموونـە ئەمریـکا، فەرەنسـا و ئەڵمانیـا دەوڵەتـی نـاوك - ناوەنـدن، دەوڵەتـی ئۆرگانیـك ئەوانـەن کـە شارسـتانییەکەیان تەنهـا یـەك دەوڵەتـی هەیـە و ژاپـۆن میناکـی ئەمەیـە، دەوڵەتـی تەریـك ئەوانـەن کـە لەنـاو کۆمەڵگـەی مرۆییـدا هیـچ خزمێکیـان نییـە وەك ئەسـیۆپیا، دەوڵەتـی لێکترازاویـش ئەوانـەن کـە سـەربە یـەك شارسـتانی نیـن و لەنێـوان دوو یاخـود چەنـد شارسـتانییەکدا کایـە دەکـەن و نـە ئەمیانـن و نـە ئەویـان. وەك تورکیـا کـە لەنێـوان شارسـتانی ئیسـلام و خۆرئـاوادا یاریـدەکا و بەتەواوەتـی ڕەنگـی یەکیشـیانی نییـە. بەمدواییـە تورکیـا لـەم پێگەیـە تێگەیشـتووە و خەریکـی خۆبنیاتنانـەوە بـە ڕووکاری ئیسـلامە.

کوردسـتان لەتوێـی تیۆرییەکـەی هانتینگتۆنـدا لەچوارچێـوەی شارسـتانی ئیسـلامیدا پۆلێندەکرێـت. ئـەم شارسـتانیەش سـێ ناوچـەی هـەن کـە یەکیـان خۆرهەڵاتـە، یەکیـان خۆرئاوایـە و یەکشـیان ناوەندە. کوردسـتان لـە ناوچـەی ناوەنـدی شارسـتانی ئیسـلامیدایە. ئـەو دەڵـێ دەشـێ یەکـەکان ناسـنامەی خۆیـان بگـۆڕن، بـەڵام بەدەگمـەن دەتوانن شارسـتانییەکەیان بگـۆڕن. لەبـەر ئەمـە ناسـنامەی شارسـتانی نەگـۆڕ و سـتاتیکە و ئەمـە کوردسـتانیش دەگرێتـەوە کـە ناتوانـێ لەناسـنامەی شارسـتانی ئیسـلامی خـۆی رابـکات.

ئـەو دەڵـێ تورکیـا لـەڕووی ناسـنامەی شارسـتانیەوە وڵاتێکـی لێکـترازاوە و ناتوانـێ لەنێـوان ئیسـلام و خۆرئـاوادا خـۆی یەکلاییبکاتـەوە، لەکاتێکـدا لەوەتـی ئیسـلامگەراکان لـەو وڵاتە دەسـەڵاتیان بەدەسـتەوە گرتـووە، ئـەم پرسـە بـەرەو یەکلاییبونـەوە دەچێـت. واتـە تورکیـا ڕووی لـە قیبلـەگای شارسـتانییەکەی خـۆی کـردووە کـە ئیسـلامە. بۆیـە ئـەو پێشـنیاریکردوە کـە تورکیـا بگەڕێتـەوە بـۆ سـەر ناسـنامە شارسـتانییەکەی خـۆی و واز لـە خەونەکانـی مسـتەفا کەمـال بهێنێـت. دەڵـێ ئەگـەر تورکیـا ئەمـە بـکا دەتوانـێ ببێتـە قیبلـەگا و ناوەنـدی شارسـتانی ئیسـلامی، چونکـە لای ئـەو گرفتـی سـەرەکی شارسـتانی ئیسـلامی ئەوەیـە کـە وڵاتێکـی ناوەنـدی نیـە.

جـا ئەگـەر تورکیـا ببێتـە وڵاتـی ناوەنـدی شارسـتانی ئیسـلامی، ڕاسـتەوخۆ کاریگـەری لەسـەر کـورد و کوردسـتان دەکا، چونکـە

کوردستان هاوسێی تورکیایە، واتە هەم تورکیا کاریگەری لەسەری هەیە و هەم کوردستانیش کاریگەری لەسەر تورکیا هەیە. تەنانەت شارەزاکان دەڵێن ئەگەر بێت و تورکیا پرسی کورد چارەسەربکا و لەگەڵ کوردستانیش رێکبکەوێ، ئەوە دوورنییە مێژووی وەرچەرخانە گەورەکانی تورکە موسڵمانەکان بۆ سێیەمجاریش دوبارەببێتەوە کە لەسەردەمی سەلجوقی و ئۆسمانیدا بە هاوکاری کوردەکان توانیان ببن بە هێزی گەورەی شارستانی.
بەڵام بەمدواییە تورکیا کوردی کردووە بە ئەویتری خۆی و نایەوێ کورد لە خۆرئاوای فراتدا جێگیرببن. بۆ؟ چونکە ئەم پێگەیە کوردەکان لە بازنەی تورکەکان دەردەهێنێ و بەرەو سەربەخۆییان دەبات. بۆیە پێگەی عەفرین بۆ خۆی بە سەرچاوەی هەڕەشە وەسفدەکا و کردوویەتی بە دۆزی نیشتمانی خۆی. تەنانەت عەفرینیان کردووە بە مەسەلەی ((سێوی سوور)) کە حێکایەتی داگیرکارییەکانی تورکە ئۆغوزەکان دەگێڕێتەوە. نەژادپەرستی سەری خۆی هەڵگرتووە و عەفرینی دووچاری جەنگێکی ترسناک کردووە.

***

سائول بەرنارد کۆهەن یەکێك لە شاگردەکانی سپایکمانە کە لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەم سەریهەڵداوە. ئەو لەکتێبی "سیستەمی جیۆپۆلیتیکی جیهانی"دا بیروبۆچوونە جیۆسیاسیەکانی خۆی دەربڕیوە. کۆهەنیش پێیوایە کە جیۆپۆلیتیکا لەرووی پێکهاتەوە دوبەندیە کە یەکیان حەوزی کیشوەرییە و ئەویتریشیان حەوزی دەریاییە. گرنگترین فاکتەری یەکلاکردنەوەی هەموو حەوزێکی جیۆستراتیژ ی و جیۆسیاسی پەیوەندی بە رەهەندی کیشوەری و دەریاییەوە هەیە.
لەدیدی ئەوەوە پێکهاتی جیۆپۆلیتیکا بەسەر چەند بەشێکدا دابەشدەبێت: گەورەکەیان حەوزی جیۆستراتیژییە، ئەم حەوزانە چەند ناوچەی جیۆسیاسیان لێدەبێتەوە، دوای ئەمە ناوچەی دەروازە، ناوچەی فشارو شریتی شکێنۆك دێن و لەمە پچووکتریش دەوڵەتە نەتەوەییەکانن. ناوچەی دەروازە ئەو شوێنانەن کە لەنێوان دوو شارستانی، دوو حەوز، دوو ناوچە و تەنانەت دوو دەوڵەتدا رۆڵی

پرد و دەروازەیان هەیە و لەمبەر بۆ ئەوبەر و لەوبەر بۆ ئەمبەر شت دەگوێزنەوە. ناوچەکانی فشاریش ئەوانەن کە لەنێوان دوو کیشوەر، دوو حەوز، دوو ناوچە و دوو دەوڵەتدا بەر پاڵەپەستۆی هێزی پێچەوانە دەکەون و دەپلیشێنەوە.
شریتی شکێنۆکیش ئەو ناوچانەن کە لەنێوان دوو حەوزدا هەڵکەوتوون و لەبەر ئەوەی دەوڵەتە پێکهێنەرەکانی لەنێوان خۆیاندا کێشەی ئەتنی، مەزەبی، چینایەتی و سیاسییان هەیە، ناتوانن لەگەڵ یەکتر بسازێن و بەردەوام بەدەست کێشەوە دەناڵن. زلهێزەکانی دەوروبەریش بەردەوام ئەم کەلەبەرە دەقۆزنەوە و دەستی تێدەژەنن. لەبەر ئەمە ناوچە شکێنۆکەکان قەت ئارامی بەخۆیانەوە نابینن و هەر لە گێرەوکێشەدان (Saul Bernard Co-hen, Geopolics of the World Sistem,2002,79).
ناوبراو دەڵێ پاش ناوچەی شکێنۆك بەریز دەوڵەتە نەتەوەییەکان، دەوڵەتە ژێرنەتەوەییەکان و دەوڵەتە بەرشکستەکان دێن. ئاماژە بەوە دەکا یەکێك لە روخسارەکانی ئەم سەردەمە بەهێزبوونی جیهانگەرایی و ناوچەگەراییە، بەڵام لەپەنای ئەمەشدا هەوڵەکان بۆ بەهێزکردن و هێشتنەوەی دەوڵەتی نەتەوەیی بەردەوامە. هەروەها پێیوایە تا 25 ساڵی ئایندە ژمارەی دەوڵەتە نەتەوەییە تازەپیاکەوتووەکان چەندقات زیاددەکات. بۆیە لەو بڕوایەدایە کە لە ئایندەیەکی نزیکدا کوردستانیش یەکێك لەو وڵاتانە دەبێ و زەمینەی بەدەوڵەتبوونی تێدا هەیە. بەبۆچوونی ئەو ئێستا کورد لە کوردستان خەریکن دواقۆناغەکان بۆ جاڕدانی دەوڵەتی نەتەوەیی خۆیان تەیدەکەن.
کۆهەن کوردستان لەریزی بزاڤە جوداخوازەکاندا پۆلێندەکا و دەڵێ ئەم ناوچەیە وزە و ویستێکی زۆری بۆ سەربەخۆیی و پێکەوەنانی دەوڵەتی نەتەوەیی هەیە. پێیوایە جاڕدانی دەوڵەت بەدوو شێوە دەکرێت: یان لەرێگەی مەدەنییەوە دەکرێ یاخود لەرێگەی پێشمەرگانەوە کە ئەو بەتیرۆر ناوی دەهێنێت. دەربارەی تورکیاش دەڵێ لەو وڵاتە کوردستانێك دروستدەبێ کە لەگەڵ هەرێمی کوردستان لە عێراق بەرەو یەکگرتنەوە دەڕوات. ئەگەر ئەمە

بێتەکایــەوە ئــەوە هیــچ زیانێــك بــە بەرژەوەندییــە حەیاتییەکانــی تورکیـا لـە ئەنـادۆڵ و کەنارەکانـی ئـەو وڵاتـە ناگەیەنێـت.

ناوچــە جیۆســتراتیژییەکانی حــەوزی دەریایــی ئەمانــەن: باکــووری ئەمریــکا، خۆرئــاوای ئەورووپــا، خــوارووی بیابانــی ئەفریقــا و ئۆقیانووســیە. هارتلانــد و ئۆراســیاش ســەربە حــەوزی کیشــوەرین. ناوچـەی خۆرهەڵاتـی ئاسیاش پـاش هەڵوەشـانەوەی سـۆڤێت ئەوەتـا خەریکــە دەبێتــە حەوزێکــی جیۆسیاســی ســەربەخۆی کیشــوەری – دەریایــی ئامێتــە. لــەلای ئــەو خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت ناوچەیەکــی جیۆسیاســی ســەربە هیلالــی ناســەقامگیری جیۆســتراتیژییە (ڕۆژە، پێغەمــی جیۆپۆلیتیــکا، 2012، 308) کــە لــەدوو ناوچــە پێکدێــت: باشـووری ئاسـیا (هیندسـتان، پاکسـتان، بەنـگلادش و سریلانـکا) لەگـەڵ خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت (وڵاتانـی ئاسـیای نزیـك و بەشـێك لـە باکـوری ئەفریقــا).

بەمجــۆرە کوردســتان ســەربە خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســتە کــە بۆخــۆی ناوچەیەکــی ســەربە هیلالــی ناســەقامیگری جیۆســتراتیژی جیهانــە. واتـە جارێـك زۆری مـاوە هیلالـی ناسـەقامگیری جیۆسـتراتیژی جیهـان جێگیــری بەخۆیــەوە ببینــێ و چەندیــن شریتــی شــکێنۆکی هەیــە کــە بەســەر ناوچــەی نفــوزی حــەوزە جیۆســتراتیژییەکان و ناوچــە جیۆسیاســییەکاندا دابەشــبووە. کوردســتانیش بەشــێکی پچووکــی شریتـی شـکێنۆکی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتە کـە ئەمـەش یەکێـك لـە تەونەکانــی هیلالــی ناســەقامگیری جیۆســتراتیژی جیهانــە.

خۆرهەڵاتــی ناوەڕاســت بەدەســت کێشــەی فەلــە – جوولەکــە – موسـڵمان، شـیعە – سـوننە - عەلـەوی، دورزی – ماروونـی، تـورك، فـارس، عـەرەب، کـورد، ئازەربایجانـی، بەلـووچ، سـوودانی و ڕەشـەوە ئازاردەکێشـێت. هێشـتا زووە بۆخـۆی و بەهێـزی خـۆی بتوانـێ ئەمانـە چارەسـەربکا و ببێتـە ناوچەیەکـی جیۆسیاسـی سـەربەخۆ وەك یەکێتـی ئەورووپـا.

عەفریــن کــە ئەوپــەڕی جەمســەری خۆرئــاوای کوردســتانە، لــە ناوجەرگــەی ئــەم شریتــە شــکێنۆك و هیلالــە ناســەقامگیرییە جیۆسیاســیەدا هەڵکەوتــووە و بتــەوێ و نەتــەوێ کاریگــەری تونــدی

ئـەم ناوچەیـەی لەسـەر دەبێـت و بەئاسـتەم بتوانـێ خـۆی بکاتـە ناوچەیەکـی پەرژینـی یاخـود ناوچەیەکـی دەروازە.

***

ئەلەکسـەندەر دوگیـن یەکێك لـە جیۆسیاسییە رووسیە نوێیەکانە کـە بـە مامۆسـتای ئۆراسـیایی نوێـش ناوبانگـی دەرکـردووە. ئـەو ماوەیـەك لـە 1998 – 2003 راوێـژکاری دومای رووسیا بووە و ئێستاش سـەرۆکی شـارەزاکانی جیۆپۆلیتیـکای سـەربە دەسـتەی راوێـژکاری ئاسایشـی نەتەوەیـی دومایـە. هەروەهـا سـەرۆکی بزاڤـی ئۆراسـیایی جیهانیشـە. دوگیـن تیۆرییـە سـەرەکییەکەی لـە کتێبـی "بناغەکانـی جیۆپۆلیتیـکا، ئاینـدەی جیۆسیاسـی رووسـیا"دا بـەوردی باسـکردووە.

ناوبـراو لـەو تیۆرییەکەیـدا دەڵـێ جیۆپۆلیتیـکا زانسـتێکە کـە دووفاقـی سـەرەکی تایلۆرۆکراتیـا و تالاسـۆکراتیای تێدایـە و ئـەم دوبەندییـەش هەتـا مـرۆڤ مابێـت ئـەوە هـەر درێـژەی دەبێـت. لەدیـدی ئـەوەوە شارسـتانییەکانیش لـەم دووفاقییـە بـەدەر نیـن یـان شارسـتانی کیشـوەرین یاخـود دەریاییـن. شارسـتانی سـاحیلی کـە لەنێوانـدان و تایبەتمەندیـی هـەردوو شارسـتانی کیشـوەری و دەریاییـان بەتێکەڵـی هەیـە، شارسـتانی رەسـەن نیـن و سـاختەن. ئەمانـە شارسـتانی نیـن بەڵکـوو دوڕەگـی نارەسـەنی هـەردوو شارسـتانییەکەن و ناشـێ بـە شارسـتانی سـەربەخۆ پۆلێنبکرێـن (الكسـندر دوغيـن، اسـس الجيوبوليتيـكا، 2004، 196).

دوگیـن دەڵـێ ئەمـڕۆ شارسـتانی دەریایی بەسـەر شارسـتانی کیشـوەری ئۆراسـیاییدا سـەرکەوتووە و دەیـەوێ هەمـوو شـتێك بەبەهاکانـی خـۆی بپێوێـت. سـتراتیژی شارسـتانی ئەتڵەسـی خۆرئاوایـی ئەوەیە کـە بەپێـی سـتراتیژی ئاناکۆنـدا ئۆراسـیا گەمارۆبـدا و لەرەگەوریشـەوە هەڵیبکەنـێ و دوچـاری خۆبەدەسـتەوەدانی بـکات. بـۆ ئەمـەش پێویسـتە ئۆراسـیا سـەرلەنوێ ئەرکـە جیۆسیاسـییەکەی و پەیامـە شارسـتانییەکەی بەجێبگەیەنێـت. ئۆراسـیا پێویسـتە هەڵسـێتەوە و لەبەرانبـەر شارسـتانی سوودپەرسـتی بازرگانـی – دەریایـی خۆرئـاوادا بوەسـتێتەوە.

بەبۆچوونـی دوگیـن ئۆراسـیا نـە ئاسـیایە و نـە ئەورووپـا بەڵکـوو

تێکەڵێـك لـە هەردوکیانـە. ئـەم تێکەڵبوونـەش کەسـێتی و شارسـتانی تایبەتـی خـۆی خسـتۆتەوە کـە کـەس ناتوانـێ بڵـێ سـەربە خۆرئـاوا یـان خۆرهەڵاتـە. پێگـەی میللەتـی رووس وەك پێگـە جوگرافیەکـەی لەنێـوان ئەورووپـا و ئاسـیادایە و دەمـی لـە خوانـی شارسـتانی خۆرئـاوا و خۆرهەڵاتیشـدایە. بەمجـۆرە کۆمەڵێـك سـیفەتی جوانـی هـەردوو شارسـتانییەکەی هەڵگرتـووە و لـە پرۆسـەی گەشەکردنیشـیدا کۆمەڵێك شـتی تریشـی پـێ زیادکـردون کـە بـە لووتکـەی داهێنـان، خوڵقانـدن و نەشـوناکردنی رۆحـی ئۆراسـیایی دەزانرێـن. ئەمـە لەکاتێکدایـە کـە نەتـەوە، بـازاڕو لیـبراڵ - دیموکراسـی بەرهەمـی ئەتڵەسـیەکانن و نابـێ رووسـیا دوای ئەمانـە بکەوێـت. دەوڵەتـی نەتەوەیـی لـە رووسـیا سـەرناکەوێ، چونکـە رۆحـی رووسـی رۆحێکـی کیشـوەرییە و ئەمجـۆرە رۆحـە کیشـوەرییەش ئیمپراتۆریەتـە (Aleksander Dugin, Rus Jeopolitigi, 2007, 47).

بـۆ سیسـتەمی ئاینـدەی رووسـیا ئیمپراتۆریـا پێشـنیاردەکات. ئـەم ئیمپراتۆریایـە لەسـەر سـێ دنگـە بەنـدە کـە هەریەکەیـان میحوەرێـك دەگرنـەوە: میحـوەری خۆرئـاوا میحـوەری مۆسـکۆ - بەرلینـە کـە بـەرەی خۆرئـاوای ئیمپراتۆریاکـە پتـەودەکات. میحـوەری خۆرهـەڵات میحـوەری مۆسـکۆ - تۆکیۆیـە کـە بـەرەی خۆرهـەڵات قایمـدەکا و میحـوەری ناوەڕاسـتیش میحـوەری مۆسـکۆ - تارانـە کـە ئۆراسـیا بـە قووڵایـی جیهانـی ئیسـلامییەوە دەبەسـتێتەوە و بـەرەی باشـووری خۆرئـاوای ئۆراسـیا لەبەرانبـەر هێـزە ئەتڵەسـییەکان یەکلاییدەکاتـەوە. ئـەو دەڵـێ ئەمریـکا دەیـەوێ نەزمێکـی تاکجەمسـەر بسـەپێنێ و پێویسـتە ئۆراسـیا بەرهەڵسـتی بـکا و جیهانێکـی فرەجەمسـەرو فرەناوەنـد پێکەوەبنێـت (Aleksander Dugin, Moskova – Ankara Ekseni, 2007, 51).

کوردسـتان لـە تیۆرییەکـەی دوگینـدا سـەربە شارسـتانی کەنارییـە کـە بۆخـۆی شارسـتانییەکی ناڕەسـەنە و ناچـارە خـۆی لەبـەرەی شارسـتانی دەریایـی یاخـود کیشـوەریدا سـاغبکاتەوە. ئـەو ناوچەیـەی کـە کوردسـتانی لێیـە سـەربە شارسـتانی ئیسـلامییە کـە بـەرەی باشـووری ئۆراسـیا پێکدەهێنێـت. ئـەم ناوچەیـە ئێـران و تورکیـای تێدایـە کـە بـۆ

پاراستنی ناوەندی ئۆراسیا گەلێك گرنگن. ئەو سەبارەت بە کورد دەڵێ دەبێ ئەم بزووتنەوەیە لەدژی ئەتڵەسییەکان بقۆزرێتەوە و هەتا دەکرێ لە ئێران دووربخرێتەوە، چونکە ئێران سپەری باشووری ئۆراسیایە.

ئەو پێیوایە تورکیا ئێستا لە ئۆردووگای ئەتڵەسی وەرِست بووە و پێویستە هەرچۆنێک بووە لە ناتۆ دەربهێنرێ و لە ئۆراسیا نزیکبکرێتەوە. بۆ ئەمەش دەبێ پرسی کوردی زەقبکرێتەوە و وای لێبکرێ کە ئەم پرسە برستی لێببرِێ و ناچار بە ئۆراسیا ببێت. لە پرسی عەفریندا بەراستی سیاسەتمەدارانی رووس بەپێی ئەم بۆچوونەی دوگین کاریانکرد. سەرەتا بەگەرمی لە پرسی کوردی سوریا نزیکبوونەوە و تەنانەت هێزی چاودێرییان لە عەفرین جێگیرکرد. دواتر ئەم کارتەیان بە تورکەکان فرۆشت و لە عەفرین کشانەوە، چونکە پێیانوایە کورد داردەستی ئەتلەسییەکانن.

ئەو دەڵێ چارەسەرکردنی پرسی کورد بۆ تورکیا دژوارە، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی لەگرێژنەچوونی ئەو پرەنسیپە جیۆسیاسیانەی کە کەمالیزمی لەسەر بەندن و ئەمەش شیرازەی تورکیا دەپسێنێت. ئەمرِۆ تورکیا لەبەر پرسی کوردستان هەم لە عێراق و هەم لە سوریا، دەسوەردانی ئەمریکا و بەجیهانیبوون، لەبەردەم دووریانێکی ترسناکدایە. بۆیە پێشنیاردەکا تورکیا بۆ دەربازکردنی ئەم پرسانە خۆی لە ئۆراسیا نزیکبکاتەوە.

***

ئەحمەد داودئۆغڵو وەزیری دەرەوەی تورکیا کە سەردەمانێك مامۆستای زانکۆش بووە، ناوبانگی ئەکادیمییەکەی زیاتر پەیوەندی بە کتێبی "قووڵایی ستراتیژی"یەوە هەیە کە بەجۆرێك تیۆرییەکی نۆئۆسمانیە. ئەم تیۆرییە رەنگبێ یەکێك لە تیۆرییە سەرەتاییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەراست بێت کە نوقڵانەیەك بۆ پێکەوەنانی گرۆبەندی یاخود یەکێتییەکی ناوچەیی پێشکەشدەکات. تیۆرییەکەش پتر لەو چەمکەوە دەسپێدەکا کە پەیوەندی بە پاشماوەکانی کۆمەڵگەی ئۆسمانیەوە هەیە.

بەپێی ئەم تیۆرییە تورکیا وەك ناوەندێك دەخوێنرێتەوە کە لە

نووكـی ئـەم پەڕگاڵـەوە بەچواردەوریـدا دەڕوانرێـت. ئـەم پەڕگاڵـە سـەرەتا پێـداوە نەگـۆڕ و گۆڕاوەكانـی هێـز دەخاتـەروو، پاشـان فۆرموولـی هێـز ئـاوا دەخاتـە بەردەسـت: پێـداوی نەگـۆڕی هێـز: مێـژوو، جوگرافیـا، كولتـوورو دانیشـتوان + پێـداوی گـۆڕاوی هێـز: زەرفیەتـی ئابـووری، زەرفیەتـی تەكنۆلـۆژی و زەرفیەتـی سـەربازی لەگـەڵ زیهنیەتـی سـتراتیژی + پلانـی سـتراتیژی + ئیـرادەی سیاسـی كۆدەكرێنـەوە و فۆرموولـی هێزیـش لەمـەوە دەردەكەوێـت (Ahmet Davutoglu, Stratejik Derinlik, 2009, 17).

جا ئەگـەر لـە نووكـی ئـەم پەڕگالـەوە بـۆی بنۆڕیـن ئـەوە تەوەرەكانی پاشـماوەی ئۆسـمانی بەسـەر سـێ حـەوزدا دابەشـدەكات: حـەوزی وشـكانی نزیـك (بەڵـكان، قەفقـاز، خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت) حـەوزی دەریایـی نزیـك (دەریـای رەش، بوغازەكانـی مەڕمـەرە، خۆرهەڵاتـی دەریـای سـپی، كەنـداو) و حـەوزی كیشـوەری نزیـك (ئەورووپـا، قووڵایـی ئاسـیایی، باكـووری ئەفریقـا). بەمجـۆرە حەوزەكانـی پەلكشـانی توركیـا پۆلێنـدەكات.

بـۆ گەیشـتن بـەم حەوزانـە چەنـد ئامرازێكـی سـتراتیژیش وەكـوو ئالیەتـی پیادەكـردن دەخاتـەروو كـە بریتیـن لەمانـە: ناتـۆ و موهیمـە سـتراتیژییە نوێیەكـەی، رێكخسـتەی ئاسـایش و هـاوكاری ئەورووپـا، رێكخسـتەی كۆنفرانسـی ئیسـلامی – هێڵـی كاریگـەری جیۆسیاسـی و جیۆفەرهەنگـی ئەفرۆئۆراسـیا، رێكخسـتەی هاوكارییـە ئابوورییـەكان (ئیكـۆ) و قووڵایـی ئاسـیا، كۆمـكاری ئابـووری دەریای رەش، سـتێپەكان و دەریـای رەش، گرووپـی 20 و سیاسـەت و ئابـووری نێودەوڵەتـی. بـۆ ئەمـە خوازیـاری ئەوەیـە كـە توركیـا پلەبەپلـە ئـەم سـتراتیژییە پیادەبـكات.

دیـارە توركیـا بـۆ پیادەكردنـی ئـەم پرۆژانـەی كۆمەڵێـك گرفتـی جیۆسیاسـی گرنگیشـی لەبەردەمدایـە كـە بـێ چارەسـەركردنی ئەمانـە ئاسـتەمە بتوانـێ هەنگاوێـك بـەرەو پێشـەوە بنێـت. ئـەم كۆسـپە جیۆسیاسـییانە بریتیـن لـە: ئێـران كۆسـپێكی مەزهەبـی - جیۆسیاسـی گرنـگ كـە پێـش بـە پەلكوتانـی ناوچەیـی توركیـا لـە زەمینـەی ئیسـلامی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەگـرێ و وزەكانـی دووكـەرت

دەكات، ئیسرائیل کە وەك سۆپەرهێزێکی ناوچەیی بێدەنگ کۆسپ بۆ فراوانخوازییەکانی ئەنکەرە دەنێتەوە، رووسیا کە لە قەفقاز و ئاسیای ناوەند ئاستەنگ بۆ خەونە جیۆسیاسیەکانی تورکیا دروستدەکات. هەروەها لەسەر ئاستی ناوخۆیی و لەسەر ئاستی ژێرناوچەییش لەگەڵ کۆسپی جیۆسیاسی کورد بەرەورووە کە رۆژبەرۆژ پانتاییەکەی زیاتر دەکشێت.

داودئۆغڵو سەبارەت بە کوردستانیش دەڵێ پاشخانی جیۆسیاسی پرسی کورد ئەوەیە کە لەناوەڕاستی ناوچەکانی ئەنادۆڵ، قەفقاز، بانی ئێران و بیابانی عەرەبدایە، لەناوەڕاستی چوار حەوزی دەریای رەش، دەریای قەزوین، دەریای سپی و کەنداودایە. پاشخانە جیۆئابورییەکەشی ئەوەیە کە بەپێی فۆرمولی نەوت - ئاو - نەوت رێککەوتووە واتە نەوتی قەزوین، ئاوی کوردستان و نەوتی کەنداو. پاشخانە جیۆفەرهەنگیەکەشی ئەوەیە کە کوردستان سێبەندەی سێ شەپۆلی جیۆفەرهەنگی تورك، فارس و عەرەبە و هەرسێکیان لەناوخۆیدا قوفڵدەکات و پێکەویان دەبەستێتەوە (Ahmet Davutoglu, Stratejik Derinlik, 2009, 437).

بەمجۆرە کوردستان لە تیۆرییەکەی داودئۆغڵودا لەناو حەوزی وشکانی نزیکی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدایە کە بە هینتەرلاندێکی ناچاری وەسفیدەکات. هەروەها کوردستان جگە لەوەی هاوسێی تورکیایە لەناو سنوورەکانی تورکیاش ئیمتیدادێکی جیۆسیاسی هەیە کە ئەمرۆ بەدەست ئاکامەکانیەوە دەناڵێت. تورکیا دوای دە ساڵ بەڵێنی چارەسەری سەرەنجام رووی لە داپڵۆساندن کردەوە. لە پرسی گشتپرسی هەرێمی کوردستان لە کورد هەڵگەڕایەوە. بەمدواییانەش بۆ پرسی عەفرین دەستی بە هێرش و داگیرکاری کردووە و سیاسەتی کوردکوژی و کوردسڕینەوە پیادەدەکات. ئەمەش تارادەیەک تێز و بەڵێنەکانی سەرکردەکانی تورکی بەدرۆخستەوە کە بەشێوەی جۆربەجۆر رایاندەگەیاند لارییان لە سەربەخۆیی کوردستان نییە!

لەوە واوەتر ئەمرۆ پرسی کورد لە سوریاش تەقیوەتەوە. پێشتر دادئۆغڵو پێیوابوو کە پرسی کورد لە هەفتاکان بووبە پرسێکی

ئێراقـی، لـە هەشـتاکان بووبـە پرسـێکی ئێرانـی و لـە نەوەتەکانیـش بووبـە پرسـێکی تورکیایـی. ئەوەتـا ئەمـڕۆ لـە دەیـەی دووەمـی ئـەم سەدەیەشـەوە خەریکـە دەبێتـە پرسـێکی سـوریایی پـڕ مەترسـی. واتـە بۆتـە پرسـێکی ناوچەیـی و بگـرە سـەرووناوچەییش. لەبـەر ئەمـە پێگـەی کوردسـتان لەدیـدی داودئۆغلـووەوە پێگەیەکـی ناچارییـە نـەك تەنهـا هینتەرلاندێکـی ناچـاری لەتوێـی حـەوزی وشـکانی نزیکـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت. واتـە پێگەیەکـە کـە کاریگـەری جیۆسیاسـی پەیتـا - پەیتـای لەسـەر تورکیـا هەیـە. ئەگـەر عەفریـن بشـکێ پرسـی کـورد لـە تورکیـا دەتەقێتـەوە. ئەگـەر تورکیـا بشـکێ، لەناوخـۆی ئـەو وڵاتـە کودەتـا و جەنگـی ناوخۆیـی ڕوودەدات.

## کۆبەند: عەفرین و پێگەی جیۆسیاسی کوردستان

کوردسـتان لـە ناوچەیەکـی جیۆسیاسـی گرنگـدا هەڵکەوتـووە کـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتی پێدەگوترێـت. کوردسـتان یەکێـك لـە ناوچـە حەیاتییەکانـە کـە ڕەگەزەکانـی هێـزی تێـدا هەیـە و ئەگـەر بتوانـێ مـەودای ژیانـی خـۆی بەرفـراوان بـکا، ە کاریگـەری لەسـەر دەوروبەرەکـەی دەبێـت. ئەمـە تەنهـا بـەوە دەکـرێ کـە بتوانـێ پـەل بـۆ دەوروبـەری بهـاوێ، دەروویەکـی دەریایـی وەدۆزێ، جێـی خـۆی بکاتـەوە و توخمـە خەوتووەکانـی هێـزی کارابـکات. بۆیـە عەفریـن ئـەو دەروویەیـە.

لەگـەڵ ئـەوەی کوردسـتان یەکێـك لـە ناوچـە حەیاتییەکانـە، بـەڵام دەشـێ یەکێـك لـە خاڵـە لاوازە جیۆسـتراتیژییەکانی ئـەوە بـێ کـە وڵاتێکـی ناوکیشـوەری وشـکانییە و هیـچ سـنوورێکی دەریایـی نییـە. لەبـەر ئەمـە بـۆ خۆگەیانـدن بـە سـاحیلەکان هەمیشـە ناچـارە لەکاتـی بێهێزیـدا مـل بـۆ هاوسـێ سـاحیلییەکانی کەچبـکات. تاقـە دەرووی دەریایـی کوردسـتان دوو شـوێنن: یەکیـان عەفریـن و ڕۆژئـاوای کوردسـتانە کـە هەتـا ڕۆخەکانـی دەریـای سـپی بەسـەر هاتایـدا تەنها

یـەک کاژێـر مەسـافەی هەیـە. دووەمیشـیان ناوچەکانـی لوڕسـتانی باشـوورن، بـەڵام لەبـەر نەمەیینـی پرۆسـەی بەنەتەوەبوونـی لـوڕەکان، کوردسـتان ناتوانـێ ئـەم دەرووە جیۆسـتراتیژییەی خـۆی لـە کەنـداو بقۆزێتـەوە (مامەنـد رۆژە، پێغەمـی جیۆپۆلیتیـکا، 2012، 594).

هەسـتناکی و خۆفـی تورکـەکان لـەم پێگـە جیۆسیاسـییەی عەفرینـە. بۆیـە پەیتـا – پەیتـا هاواردەکـەن "نابـێ بـۆ خۆرئـاوای فـرات بپەڕنـەوە". تـورک دەیانـەوێ کوردسـتان بـۆ هەمیشـە لـە گەمـارۆی وشـکانیدا هەڵبپێکـن. بۆیـە ئـەوان باشـتر لـە خـودی کـوردەکان لـە گرنگـی سـتراتیژی عەفریـن تێگەیشـتوون. ئـەوان دەزانـن ئەگـەر بێـت و منبـج بـە عەفریـن ببەسرێتـەوە، ئـەوە کۆتایـی بـە خەونـی چوارپـەل بەسـتنی کوردسـتان دەهێنرێـت. بۆیـە دەیانـەوێ بـە هـەرچ نرخێـک بـووە پـرۆژەی رارەوی کـوردی پەکبخـەن کـە دواتـر ناوەکەیـان بـۆ رارەوی تیـرۆر گۆڕیـوە.

هـاوکات بەپێـی هەندێـك لـە پێناسـەکارییە جیۆسیاسـییەکان ئـەوە کوردسـتان لەسـەر شریتـی هیلالـی ناوەکییـە کـە راسـتەوخۆ لەبـەر کاریگـەری شـەپۆلەکانی ناوجەرگـەی مێـژوودا هەڵکەوتـووە. بۆیـە شـەپۆلی ناوجەرگـەی مێـژوو کـە لەنـاو دڵـی زەوییـەوە بـە چـوارلادا پەلدەکوتـێ، بەتونـدی کوردسـتانیش دەگرێتـەوە. بەپێـی پێناسـەکارییەکی جیۆسیاسـی تـر ئـەم سـەرزەمینە، بەر بازنـەی هارتلاند یاخـود جەرگەسـتانی کلاسـیك دەکەوێـت. بـۆ ئەمـەش کوردسـتان یەکێك لـەو ناوچانەیـە کـە لـە ناوچـەی میحـوەری جوگرافیایـی مێـژوو نزیکـە و ئەمـەش ریسـالەتێکی تـر بـە دانیشـتوانەکەی دەبەخشـێت. ئەمـە لـە رەهەندێکـی تـرەوەش دەخوێندرێتـەوە: کوردسـتان یەکێـك لـەو سـەرزەمینانەیە کـە بـە تەواوکـەری جیۆسیاسـی ئۆراسـیا لەقەڵەمدەدرێـت. واتـە کیشـوەرهێزەکەی جیهـان کـە هێـزە ئۆراسـیاییەکەیە، بـۆ کامڵکردنـی هێـزی کیشـوەری خـۆی، پێویسـتە کوردسـتانیش سـەر قەڵەمـڕەوی جیۆسـتراتیژی خـۆی بخـات. لـەم دۆخـەدا کوردسـتان بۆخـۆی شایسـتەی ئـەوە نییـە ببێتـە مەکۆیەکـی جیۆسیاسـی و تەنهـا دەتوانـێ یەکێـك لـەو سـووچانە بـێ کـە رۆڵـی تـەواوکاری بلۆکـی ئۆراسـیا دەگێرێـت. ئەگـەر پێویسـتیش بـکات ئـەوە

ئۆراسـیا (روسـیا) بـۆ کامڵکردنـی پرۆژەکانـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتی دەتوانـێ بیـکات بـە قوربانـی. ئێسـتا لـە عەفریـن ئەمـە دەکات.
پرسـەکە تەنهـا بەمـەوە ناوەسـتێ، بەڵکـوو هەندێکیـش دەڵێـن نەخێـر کوردسـتان لەنـاو جەرگەسـتاندا نییـە و جەرگەسـتانیش مەکـۆی هەڵکشـانی شارسـتانی نییـە، بەڵکـوو کەنارسـتان یاخـود ریملانـدە کـە بـە لانکـی شارسـتانییە گرنگەکانـی جیهـان دەژمێردرێـت. کوردسـتانیش لەناوەڕاسـتی شریتـی کەنارسـتانی جیهانـدا هەڵکەوتـووە و لـە سـەرزەمینە سـاحیلییەکان نزیکـە. ئەمـەش بایەخـی جیۆسیاسـی پێگـەی کوردسـتان چەنـد ئەوەنـدە دەکات. جـا بەپێـی ئـەم تێـزەش عەفریـن رێـک قۆرتـی هەڵسـووڕانەوە بـەرەو لای سـاحیلە (مامەنـد رۆژە، پێغەمـی جیۆپۆلیتیـکا، 2012،366).
بەقسـەی ئەوانـەش کـە پێیانوایـە ئۆراسـیا هەمـو ئەورووپا و ئاسـیا دەگرێتـەوە، ئۆراسیا تەختـەی شـەترەنجی ململانـێ جیۆسیاسـییەکانی جیهانـە (Brezezinski, Buyuk Satranc Tahtasi,2005, 59). بەپێـی ئەمـەش کورسـتان لەنـاو نەخشـەی ئۆراسـیادایە. نـەك تەنهـا ئەمـە بەڵکـوو کوردسـتان لـە سـنوورەکانی باشـووری خۆرئـاوای ئۆراسـیادا هەڵکەوتـووە کـە بـە کەنـدووی وزەی جیهـان دەناسرێـت. لـەم رەهەنـدەوە کوردسـتان یەکێـك لـە مەکۆکانـی پێکهەڵپژانـی هێـزە جیهانـی، سـەرووناوچەیی، ناوچەیـی و محەلییـەکان دەبێـت. بەتایبەت لەبـەر ئـەوەی کوردسـتان سـەرچاوەی وزەشـە، ئـەوە زیاتـر دەبێتـە مایـەی مرخـی ئـەم هێزانـە. ئەوەتـا لـە عەفریـن ئەمـە بەدیدەکەیـن کـە خەریکـە دەبێتەهـۆی ململانێیەکـی جیهانـی.
ئەگـەر لەدیـدی پێکدادانـی شارستانییەکانیشـەوە تێـی بنۆڕیـن، کوردسـتان سـەربە قەڵەمـڕەوی شارسـتانی ئیسـلامییە و لـە هەرێمـی ناوەڕاسـتی ئـەم شارستانییەشـدا هەڵکەوتـوە. بۆیـە کوردسـتانیش وەکـو بەشـی هـەرە زۆری قەڵەمڕەوەکانـی شارسـتانی ئیسـلامی، بـەرە - بـەرە هوشـیاری شارسـتانی دەیگرێتـەوە. ئـەم هوشـیارییە شارسـتانییە وای لێـدەکا کـە زیاتـر لـەوەی بـە پێناسـی نەتەوەیـی خۆیـەوە بنـازێ، بەپێناسـی شارسـتانی خـۆی واتـە پێناسـی شارستانی ئیسلامیشـەوە بنازێـت.

لـەرووی حـەوزە جیۆسـتراتیژی و ناوچـە جیۆسیاسییەکانیشـەوە کوردسـتان سـەربە حەوزی شریتـی ناسـەقامگیری جیۆسـتراتیژی جیهانە کـە لـە دوو ناوچـەی جیۆسیاسـی باشـووری ئاسـیا و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت پێکدێـت. لەنـاو ئـەم ناوچەیەشـدا دیـارە کوردسـتان لەناوجەرگـەی باکـووری خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا هەڵکەوتـووە. پێدەچـێ ئـەم ناوچەیـە هەتـا قۆناغێکـی درێژخایـەن هـەر لـە دۆخـی شریتـی شـکێنۆکی پێکداهەڵپژانـدا بمێنێتـەوە و هـەروا بەئاسـانی نەتوانـێ ببێتـە ناوچەیەکـی یەکپارچـەی جیۆسیاسـی. ئـەم پێگـە شـکێنۆکە کاریگـەری لەسـەر پێگـەی کوردسـتانیش دەبێـت.

لـە پێناسـەکاری ئۆراسـیایی تـازەدا کوردسـتان بەشـێك لـە قەڵەمـڕەوی کشـانی کیشـوەرهێزی ئۆراسـیاییە. بەتایبـەت ئـەم سـەرزەمینە لـە سـنوورەکانی باشـوری ئۆراسـیادا هەڵکەوتـووە کـە پێویسـتە شـەپۆلی ئێرانـی بیگرێتـەوە نـەك ئـەو هێزانـەی کـە لـە ئەتڵەسـییەکان نزیکـن. بەگوێـرەی ئەمـە دەبـێ پێگـەی کوردسـتان لـە چوارچێـوەی میحـوەری مۆسـکۆ – تارانـدا تاوتوێبکرێـت (Aleksander Dugin, Rus Jeopoli-tigi, 2007, 73). کوردسـتان یـەك لـەو سـەرزەمینانەیە کـە تەواوکـەری کشـانی کیشـوەری ئۆراسـیایە. واتـە تاقـە رۆڵـی ئـەم سـەرزەمینە ئەوەیـە کـە ببێتـە تەواوکـەری ریسـالەتی جیۆسیاسـی ئۆراسـیا.

هۆیەکەشـی ئەوەیـە کـە کوردسـتان لەسـەر شریتـی کەنارسـتان هەڵکەوتـووە. کەنارسـتانیش نـە شارسـتانی دەریاییـە و نـە کیشـوەری. شارسـتانییەکی نارەسـەنە، شارسـتانییەکی دووڕەگـە نـە کیشـوەرییە و نـە دەریایـی و لەنێـوان هەردوکیانـدا گیـرۆدە بـووە. بۆیـە دەبـێ ببێتـە تەواوکـەری داکشـانی کیشـوەرهێزی ئۆراسـیایی. ئێسـتا رووسـەکان لـە عەفریـن ئـەم تێـزە پیادەدەکـەن.

کوردسـتان پێگەکـەی لەدیـدی نۆئۆسـمانییەکانەوە لەتوێـی حـەوزی نزیکـی بەژایـی خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا پۆلێندەکـرێ کـە تاقـە دەرووی وشـکانیە کـە ئاسیای پچـووك بـە بانـی قەفقـاز، بانـی ئێـران، میزۆپۆتامیـا و بیابانـی عەرەبسـتان دەگەیەنێـت. هەروەهـا پەڵەیەکـی وشـکانی کاریگـەرە کـە لەناوەڕاسـتی چـوار حـەوزی دەریایـی رەش، سـپی، سـوور و کەنـداودا هەڵکەوتـووە. لەمـرووەوە کوردسـتان

شـاڕێگەیەکی وشـکانی جیهانییـە لەلایـەك هێڵەکانـی سـتێپەکانی ئۆراسـیا بـە دەریاکانـی باشـووری خۆرئـاوای ئاسـیا دەگەیەنـێ، لەلایەکیـش شـاپردێکە کـە گوزەرگاکانـی خۆرهـەڵات بـە خۆرئـاواو خۆرئـاوا بـە خۆرهـەڵات و باکـوور بـە باشـوور دەبەسـتێتەوە.

ئـا لەبـەر ئەمـە لەدیـدی ستراتیژیسـتەکانی تورکـدا پـرۆژەی کـوردی لـە سـوریا و عێـراق بـۆ پـرۆژەی نۆئۆسـمانی نـەک هـەل نییـە بەڵکـوو هەڕەشـەیە. بـۆ چـی؟ چونکـە ئـەم پرۆژەیـە پێگـەی جیۆسـتراتیژی تورکیـا دەشـکێنێ و رۆڵـی پـردی نێـوان باکـوور - باشـوور، خۆرهـەڵات - خۆرئـاوای کـزدەکا و ڕارەوی کـوردی بەشـێک لـە کارکـردی ئـەم پێگەیـە بـۆ خـۆی دەبـات.

ئـەم پرۆژەیـە تورکـەکان گرمۆڵـەدەکا و هەمـوو گوزەرگاکانـی پەیوەندییـان لەگـەڵ ئاسـیا و ئەفریقـا قۆرغـدەکات. واتـە: ئەگـەر پـرۆژەی کـوردی سـەربگرێ ئـەوە تەنهـا لەرێگـەی کوردسـتانەوە دەتوانـن بگەنـە قەفقـاز. تەنهـا لەرێگـەی کوردسـتانەوە دەتوانـن بگەنـە بانـی ئێـران. تەنهـا لەرێگـەی کوردسـتانەوە دەتوانـن بگەنـە بیابانـی عەرەبـی و خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـت.

بۆیـە: دەیانـەوێ کوردسـتان لـە پەلوپۆبخـەن، برسـتی لـێ ببـڕن و وای لێبکـەن و پاشەکشـێ بـکات. وای بگووشـن هەتـا لـە ناوچەکانـی شـنگال، باکـووری مووسـڵ، مەخمـوور، کەرکـووک، خورماتـوو و خانەقیـن بکشـێنەوە. ئەوەنـدەی تێـک بهـاڕن هەتاوەکـوو قەڵەمرەوەکانـی کەمبـکات و لـە ناوچـەی عەفریـن و منبـج بکشـێنەوە و بگەڕێندرێنـەوە قاوغـی چکۆلـە و جڵەوکەردەنـی پێشـووی خۆیـان.

جـا ئـا لێـرەوە دەتوانیـن لـە ئۆپەراسـیۆنی تەفروتوناکردنـی ژێرخانەکانـی عەفریـن و پـرۆژی سـێوی سـووری تورکـی و دەروازەی سـووری کـوردی تێبگەیـن.

سەرچاوەکان:


1 . Dr. Shira to Shadas, Geostrategies, Kitalo Mahal, Allahabad, India, 1986..

2 . Ahmet Davutoglu, Stratejik Derinlik, Kure Yayinlari, 38.Baski, Istanbul, 2009..

3. دکتۆر عیزەتوڵڵا عیزەتی، جیۆپۆلەتیك، وەرگێڕانی کەمال ڕەشید شەریف، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، 2004.

4 . Servet Comert, Jeopolitik ve Turkiyenin Yer Aldigi Yeni Jeopolitik Ortam, Istanbul, Harp Akademileri Komutanligi Yayinlari, 2001.

5 . Yilmaz Tezkan, M.Murat Tasar, Dunden Bugune Jeopolitik, Istanbul, Ulke Yayinlari, 2002.

6. مامەند ڕۆژە، پێغەمی جیۆپۆلیتیکا، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی جەمال عیرفان، سلێمانی، 2012.

7. سائول برنارد کوهن، ژئوپلیتیك نظام جهانی، ترجمەی عباس کاردان، موسسەی فرهنگی مگالعات و تحقیقات بین المللی ابرار معاصر تهران، تهران، 1387.

. 8الکسندر دوغین، اسس الجیوبولیتیکا، ترجمە الدکتر عماد حاتم، دارالکتاب الجدید المتحدە، بیروت 2004.

9 . Alfred Tayer Mahan, Influence of Sea Power upon History, 1660-1783. Boston, Little Brown, 1890.

10 . Geoffery Salon, “Sir Halford J.Mackinder: Gecmisten Gunumuze Kalpgah Kurami”, Jeopolitik, Strateji ve Cografiya.

11 . Halford J.Mackinder, Democratic Ideals and Reality: A Study in the Politics of Resconstruction (1919), New York, w.w.Norton, 1962.

12 . Bilal Karabulut, Strateji – Jeostrateji – Jeopolitik, platin Yayinlari, Ankara, 2005.

13 . Karl E.Haushofer, Geopolitik, Der Pan – Ideen, Berlin, Zentral, 1931.

14 . Dr. Bulent Ulas, Jeopolitik, Baslik Yayin grubu, Istanbul, Subat 2011.

15 . Nicholas J.Spykman, “Geography and Foreign Policy, 1: The American Political Science Review, cilt 32, sayi 1, Subat 1938.

16 . Nicholas J.Spykman, Americas Strategy in World Politics; The United Staes and the Balance of Power, New York, Harcort Brace and Company, 1942.

17 . Zbigniew Brezezinski, Buyuk Satranc Tahtasi: Amerikanin Onceligi ve Bunun Jeostratejik Gerekleri, cev. Ertugrul Dikbas, Ergun Kocabiyik, Sabah Kitaplari, Istanbul, 1998.

18 . Zbigniew Brezezinski, Trecih: Kuresel Hakimiyet mi? Kuresel Liderlik mi? cev. Cem Kucuk, Istanbul, Inkilap Kitapevi, 2005.

19 . Sammuel P.Huntington, " The Clash of Civilizations?" Foreign Affairs, 72, No 3, Summer 1993.

20 . Sammuel P.Huntington, Medeniyetler Catismasi, Der. Murat Yilmaz, Vadi Yayinlari, Ankara, 1997. 22. Saul Bernard Cohen, Geopolics of the World Sistem, Lenham, MD: Rowman & Little Field, 2002.

23 . Aleksander Dugin, Rus Jeopolitigi, Avrasiyaci Yaklasim, Kure Yayinlari, 7.Baski, Istanbul, 2007, s.47-48.

24 . Aleksander Dugin, Moskova – Ankara Ekseni, cev. Leonid Bahrevski, Kaynak Yayinlari, Istanbul, 2007.

25 . Brezezinski, Buyuk Satranc Tahtasi, cev. Yelda Turedi, Inkilap Kitapevi, Istanbul, 2005.